کورتەباسێک دەربارەی

# پــرۆگــرامــی

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

کورتەباسێک دەربارەی

# پرۆگرامی
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

عادل عەلی

**کورتەباسێک دەربارەی  پرۆگرامی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
- نووسین: عادل عەلی
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی حەمدی
- تیراژ: 5000 دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: 2021
- شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
- زنجیرە : 12/560

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٦٦٨) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
**عوسمان حەسەن شاکر**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

## بەرایی

هەموو حزبێک بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە کار دەکات کە لە پڕۆگرام و پەیڕەوی کاری خۆیدا بەیانی دەکات. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدرێژایی مێژوو ئەو سەروەرییەی بۆخۆی تۆمار کردووە، کە هەمیشە زۆرترین هەڵسەنگاندن و خویندنەوە بۆ پرۆگرام و پەیڕەوی خۆی دەکات و کۆنگرە لەدوای کۆنگرە هەوڵیداوە لە پیادەکردنی پرۆگرامەکانی خۆیدا چ لە ناو حزب و چ لە دەسەڵاتدا بیروباوەڕەکەی رەنگدانەوەی هەبێت بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا بە تایبەتیش بەسەر چین و توێژەکانی خـوارەوەو ناوەڕاستی کۆمەڵگە.

ئەم نوسراوەی بەردەستان شرۆڤە و خویندنەوەیەکە بۆ کۆی پرۆگرامی یەکێتی – پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم– کە بەکۆنگرەی نوێبوونەوە ناسراوە. ئەم هەوڵە خویندنەوەیەکە بۆ بەرچاوڕوونی هەڤاڵانی رێکخستن کە بتوانن ئامانجەکان و دروشمەکانی (ی.ن.ک) لەلایەک بۆ هەڤاڵانی خۆمان و لە لایەکی تریشەوە بۆ دەرەوەی

خۆمان روون بکەنەوەو لە ماوەی دوو کۆنگرەدا کاری جدی بۆ بکرێ و تەرجەمەی مەیدانی و پراکتیکی بکرێت لە رێگای حکومەت و دەزگا حزبیەکانەوە.

لەم بەرنامەیەدا هاتووە کە ناسنامەی ئێمە وەکو حزبێکی پێشکەوتنخوازی سۆشیال دیموکرات ئەوە دەخوازێت کە لەئاست بەرپرسیاریەتی مێژوویدا بین و بتوانن لانی کەمی پرۆگرامەکانی خۆمان بەدەست بێنین، پرۆگرامێک لە پێناویدا خوێنێکی زۆرمان داوەو قوربانییەکی زۆرمان بەخشیوە...

هەڤالانی هێژا:

بە خامە و هزری رەنگینی خۆتان، کە رەنگدانەوەی چەپکە گوڵەکەی مامی هەمیشە زیندوو بێت، بنوسن و رەخنە بگرن و خزمەت بکەن، چونکە پەیڕەو دەستور و ناسنامەی هەموومانە و بەهەموومانەوە جوانترو پڕ بەهرەتر دەبێت...

هەربژین

لە دوای شەوەزەنگی هەرەسی جووڵانەوەی ئەیلوول، لەساڵی ١٩٧٥ـەوە و وەک پێویستییەکی بابەتی لەو ڕۆژگارەدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر دەستی کۆمەڵێک تێکۆشەری ڕێگەی ئازادی بە ڕابەرایەتیی مام جەلال دامەزرێنرا. دامەزراندنی (ی.ن.ک) لەسەر بونیادێکی نوێ لە شێوازی حزبایەتی و سیاسەتکردن بوو کە بە بەراورد بە شێوازە تەقلیدییەکەی کۆمەڵی کوردستان، نامۆ بوو. گەرچی پێنج ساڵ بەر لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێکخراوێکی چەپی پێشکەوتنخواز هەبوو بە ناوی کۆمەڵەی مارکسی–لینینی؛ هەر ئەو ڕێکخراوەش بوو بە کۆڵەکەی بنەڕەتیی دروستبوونی (ی.ن.ک) و بە بەشێکی کارا و چالاک بوو لە پێکهاتەی ئەو بەرەیەدا، بەڵام لە ڕاستیدا (ی.ن.ک) داهێنانێکی گەورەی کرد لە

تەکنیک و کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە کوردستاندا.

ساڵێک دوای دامەزراندنی (ی.ن.ک) لە ڕۆژگارێکی سەختتر لەباری سیاسی و سەربازیدا، کە داگیرکەری بەعس هەژموونی تەواوی بەسەر هەموو بستێکی کوردستاندا هەبووە، جاڕی شۆڕش درا کە بۆ ئەوێ ڕۆژێ کارێکی مەحاڵ و نەکردە بووە، بەڵام تێکۆشەرانی (ی.ن.ک) بە هزر و بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی و ئومێدی زۆر بە سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ، بێپەروا دەستیان دایە چەکی شۆڕشگێڕانە.

(ی.ن.ک) هەر لە فۆرمێکی نوێی شۆڕش و خەباتدا نەهاتە مەیدان، بەڵکو لە ڕووی تیۆر و پلان و بەرنامەشەوە بە تەواوی ڕیزبەندی و سنووربەندیی خۆی لەگەڵ هێز و حیزبە سیاسییەکانی پێشووی کۆمەڵی کوردەواریدا دیاری کرد؛ هەم لە ڕووی پێگە و هەم لە ڕووی درووشم و مەیدانی پراکتیکییشدا. لەبەر ڕۆشنایی ئەندێشەی بیرمەندانی پێشەنگی هزری پێشکەوتنخواز و بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردستان، کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو بوو، هەر زوو درووشمە نیشتیمانی و

دیموکراتییەکانی پەیڕەو کرد و ڕێچکە و پێداویستییەکانی خەباتی قۆناغی ڕزگاریی دارِشت و شێلگیرانە کاری بۆ کرد.

بۆ مەیدانی ڕووبەڕووبونەوەش، کەرەسە و پێداویستییەکانی سەرخستنی ئەو شۆڕش و خەباتەی فەراهەم کرد. بەردەوامی لە شۆڕش و خەبات لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا (ی.ن.ک)ی کردە پێشەنگی جووڵانەوەی ڕزگاریی و نیشتمانی، نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش. ئەڵبەتە قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی بە ڕابەرایەتیی (ی.ن.ک) هەروا بەبێ ئاستەنگ نەهاتووەتە پێشەوە و گەشەی نەکردووە، بەڵکو لە ٤٥ ساڵی ڕابوردوودا دووچاری چەندین ئاستەنگ و کارەساتی گەورەی مرۆیی و سەربازیی بووەتەوە، بەڵام مکووڕبوونی (ی.ن.ک) لەسەر باوەڕی نەگۆڕی بە ئازادی و سەرفرازی و بیری پێشکەوتنخوازی، گرەنتیی ئەوەی کردووە کە هەمیشە دوای شکست و کارەساتەکان بەهێزتر ببێتەوە. مەیدانی چوار دەیەی ڕابوردوو کە لێوانلێو بووە لە گۆڕانکاریی گەورەی

ناوچەیی و جیهانی، کاریگەریی گـەورەی سیاسی و سـەربازیی و ئـابووریـیان هـەبووە و زۆربـەیـان گۆڕانکاریی بونیادییان پێک هێناوە. لە هەمبەر ئەوانەدا، (ی.ن.ک) خوێندنـەوە و ڕاڤـەی زانستیی هـەبـووە، ئـەوەش بە هـۆکـاری ئـەوەی هێزێکی چەقبەستووی ئایدیۆلۆژی نەبووە و ڕابەرەکەی کاراکتەرێکی کراوەی هۆشیار بووە. پێبەپێی تێگەیشتنە نوێکانی جیهانیش گۆڕانکاری لە تێڕوانینی سیاسی و فکریدا کراوە بەبێ ئەوەی سازشی لەسەر پرسە ستراتیژییەکەی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا کردبێت.

ڕاستیی ئـەوانـە لـە تـەواوی بـەرنـامـە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی (ی.ن.ک)دا دەردەکەوێت، کە لێرەوە هەوڵ دەدەین لەسەر ئامانج و درووشمێک بنووسین بە پشتبەستن بە پرۆگرامە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم.

## بەشی یەکەم
## سۆسیال – دیموکرات

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سەرەتای دروستبوونیەوە، بە ئاشکرا خەباتی بۆ پرسە چینایەتییەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کردووە، کە یەکێک لە درووشمە سەرەکییەکانی بووە. جگە لەوەی کە کۆمەڵە پێکهێنەرە سەرەکییەکەی یەکێتی بووە وەک ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی، کاری لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان کردووە و پێکهێنەرەکەی تریشی، بزووتنەوە و دواتر یەکێتیی شۆڕشگێڕان، لە ئامانجی ستراتیژییاندا بڕوایان بە سۆسیالیزم هەبووە و لە بەرنامە و پرۆگرامەکەیاندا دەستنیشانیان کردبوو.

(ی.ن.ک) نەک تەنها وەک ئامانجێک لە بەرنامەدا باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبووە، بەڵکو وەک هێڵێکی فکری و جیهانی کاری لەسەر کردووە. سۆسیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی جگە لەوەی خواستی مرۆیین،

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهانییش بوونەتە پێداویستیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بەپێی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان، ئامانجی سۆسیالیزم و تیۆڕوانین و میکانیزمەکانی گەیشتن بەو ئامانجە، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لە سەرەتادا یەکێتی بڕوای تەواوی بە سۆسیالیزمی زانستی هەبووە و پێداگریی لەسەری کردووە. پێبەپێی ئاڵوگۆڕەکان، تیۆڕوانینی نوێ و ڕووداوەکانی ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەلات بە ناوی سۆسیالیستی، ڕاستوڕەوانیی هێڵی سۆسیال – دیموکراسی هەژموونی خۆی زیاتر پەیدا کرد.

هەر بۆیە (ی.ن.ک) لە کۆنگرەی یەکەمی خۆیدا ناسنامەی سۆسیال – دیموکراتی هەڵگرتووە، پاشان کردی بە هێڵی فیکری و سیاسیی خۆی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی دنیا لە خەباتی دیموکراسی و پەرلەمانیدا، بزووتنەوەکانی دیموکراسی و سۆسیالیزم لەو بوارەدا دەستکەوتی بەرچاویان بە دەست هێناوە. (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یش بەپێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردستان، لە ڕووی پراکتیکییەوە کاری لەسەر ئەو ئامانجە کردووە.

لە کۆنگرەکانی ڕابوردوودا، لە بەرنامە و پرۆگرامەکانیدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبێکی سۆسیال – دیموکراتە و لەپێناو جێبەجێکردنی بنەماکانی سۆسیال – دیموکراتدا، کە دواجار بونیادنانی کۆمەڵێکی خۆشگوزەران و مۆدێرنی لێ بکەوێتەوە و لە سایەیدا تاک و کۆمەڵگە ژیانێکی شایستە بژین، خەبات دەکات و تێ دەکۆشێت. مکووڕبوونی (ی.ن.ک) و کارابوونی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەش کە پابەندە بە بنەماکانی سۆسیال دیموکرات، بوو بە ئەندامی سۆسیالست ئینتەرناسیۆنال (SI) کە یەکێک لە ئەندامە کارا و دیارەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەیە. سکرتێرە گشتییەکەشی، هەڤاڵ مام، لە کۆنگرەیەکی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەدا، بوو بە جێگری سەرۆکی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال کە ئەوە لە مێژووی (ی.ن.ک)دا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بە بەشداریی کاراکتەری مام جەلال وەک کەسایەتیی چەپ و سۆسیالیست کە تەکانێکی بەرچاوی دا بە چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە لەسەر ئاستی دنیا و ڕۆژهەڵات و کوردستان بە تایبەتی.

بەو پێیەی ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕیفۆرم و خەباتی پەڕلەمانییەوە کاری بۆ دەکرێت، پێچەوانەی تێڕوانینە کلاسیکەکان کە دەبێت لە ڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە ئەو خواستە بەدی بێت، لە ڕاستیدا ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە خەباتی پەرلەمانی و گەشەی سروشتیی کۆمەڵگە و کارکردن لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی و میکانیزمی سەندیکایی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستکەوتی چینایەتی و مرۆیی باشتر و چاکتر بە دەست هاتوون؛ هەر بۆیە ئەو میکانیزمە لە لایەن (ی.ن.ک)وە بە ڕوونی پێڕەو کراوە.

(ی.ن.ک) لەسەر هێڵە گشتییەکانی خۆی، کە بریتین لە فیکری سیاسی، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی میدیا و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و بەشداریی ژنان و لاوان لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری و ناوەندی بڕیار کە دواجار باڵانسی جێندەری دروست بکات و بە هەموو ئەوانە پێکەوەژیانی ئاشتییانە بهێنێتە کایە، بەردەوام کاری کردووە.

بۆ ئەو مەبەست و ئامانجانە و بۆ هەر بوارێک، دەشێت بەرنامە و پرۆژەی هەمەلایەنە دابنرێت و لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەردەوام کار بکرێت بۆ جێگیرکردنیان، بە تایبەتی دابەشکردنی عادیلانەی داهات و جێگیرکردنی یاسا و پرۆگرامی مرۆیی پێشکەوتنخوازانە لە بواری پەروەردە و خوێندن و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی و فەراهەمکردنی هەلی کاری یەکسان و ئاوڕدانەوەی هەمەلایەنە لە خاوەن پێداویستیی تایبەت و... (ی.ن.ک) لە پرۆگرامی خۆیدا ئەوانەی دەستنیشان کردووە و جەختی لەسەر کردووەتەوە و خەباتیان بۆ دەکات. ئەگەر بەشێک لە قۆناغەکان و ئاڵوگۆڕەکانی چەند دەیەی ڕابوردوودا ڕەخنە و تێبینی هەبووە لەسەر کار و کارایی (ی.ن.ک) لەو بوارەدا، ئەڵبەتە ئاستەنگەکان زۆر و قورستر بوون لە بەردەم پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەدا... بەڵام لە داهاتوودا (ی.ن.ک) دەبێت شێلگیرانەتر خەبات و چالاکییەکانی مکۆمتر بکات و ئاشکراتر درووشمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرزتر ڕابگرێت.

(ی.ن.ک) دەبێت ناسنامەی خۆی وەک حیزبێکی سۆسیال – دیموکرات ئاشکرا بکات و درووشم و ئامانجەکانی لە بواری عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەراندا تۆختر بکاتەوە، لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانی و لەو بەشەی کە بەشدارە لە حوکمڕانیی کوردستاندا و هەروەها لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەبێت ئەو ناسنامەیەی تۆخ بکاتەوە کە هێزێکی مەدەنی و عەلمانییە و ئامانجی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای ئینسانی لەو بوارەدا کاری بەرچاو بکات لە داهاتوودا. بۆ ئەو مەبەستەش، باشتر وایە (ی.ن.ک) لە ڕێگەی میدیاکانیەوە زۆرتر ناسنامەی خۆی و واتای جیاوازییەکانی لەگەڵ پارت و هێزە سیاسییەکانی تر بخاتە ڕوو، ئەوەی کە لەسەر ئەو ئامانجانە لە بەرنامە و پرۆگرامەکەیدا هاتووە، شۆڕی بکاتەوە و میکانیزمی گونجاویان بۆ دابنێ و کاریان لەسەر بکات.

ئەو ئامانجانە دەبێت لە نێوان دوو کۆنگرەدا فیدباکیان بۆ بکرێت و پێداچوونەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بکرێت کە ئایا چەندیان جێبەجێ کراون

و چەندیان ئاستەنگیان بۆ هاتووەتە پێشەوە؛ هەر بۆیە بەشی زۆری ئامانجەکان دەبێت لە چوارچێوەی درووشم بێنە دەرەوە بۆ مەیدانی پراکتیکی.

## بەشی دووەم
## ئامانجە گشتییەکان

لە بەشی دووەمی پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمدا لە ئامانجە گشتییەکاندا هاتووە کە یەکێتی خەبات بۆ چوار درووشمی سەرەکی دەکات: (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین) و لە پاڵ ئەوەدا کە پەیوەندیدارە، هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕوونتر لە خاڵی یەکەمدا ئامانجی (ئازادی، لێبوردەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سەروەریی یاسا، مافی هاووڵاتیبوون، کۆمەڵی مەدەنی، سیستەمی سیکۆلار، هاوکاری و سۆڵیداریتی، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلان...) هاتووە. هەر لەو خاڵانەدا جەخت کراوەتەوە کە یەکێتی هاوکات دژی دیکتاتۆری، جەنگ، داگیرکردن، چەوساندنەوە، هەژاری و گەندەڵی و جیاکاریی نەتەوەیی و ئایینی... خەبات دەکات.

(ی.ن.ک) لە ڕابووردوودا بە عەمەلی کاری لەسەر ئەو درووشمانە کردووە و دەتوانین بڵێین

بەشێکی بەرچاوی دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ بەرهەمی خەباتی ٤٥ ساڵەی ئەم حزبەیە. لە هەر پانتاییەکدا (ی.ن.ک) هەژموونی هەبووبێت، هەم جەختی لەسەر درووشمەکانی کردووەتەوە، هەم لە مەیدانی پراکتیکیدا جێبەجێی کردوون. سەرەڕای چەندین گرفت و ئاستەنگ کە لە قۆناغەکاندا بۆی هاتوونەتە پێشەوە.

لە خاڵی دووەمی بەشی دووەمدا (ی.ن.ک) جەختی لە پابەندبوونی خۆی بە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کردووەتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەسەر ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆڵە جیهانییەکان، پەیوەستبوونی خۆی نیشان داوە؛ هەر بۆیە مافی مرۆڤ یەکێکە لە درووشمە سەرەکییەکانی ناو لۆگۆی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بۆ ئەو مەبەستەش، نەک هەر لە چوارچێوەی حیزبیدا، بەڵکو لەسەر ئاستی حوکمڕانیدا کاری لەسەر کردووە؛ هەر بۆیە بە دەستپێشخەریی (ی.ن.ک) وەزارەتێکی تایبەتمەند بە مافی مرۆڤ لە ڕابوردوودا لە کابینەی حکومەتی هەرێم دامەزرا و ئەو وەزارەتە یەکێک لە وەزارەتە کاراکانی حکومەت بوو.

خاڵی دووەمی ئامانجە گشتییەکان بەدیهێنانی

مافی چارەی خۆنووسینە. ئەم درووشمە جگە لەوەی درووشمێکی عەمەلی و واقعییە، ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ درووشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا و هەروەها یەکێکە لەو درووشمانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٢دا وەک مافێکی ڕەوای گەلانی بندەست جێگیری کردووە و لە ساڵی ١٩٦٠یشدا میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەو درووشمەی دیاری کرد. یەکێتیی نیشتمانی حەوت ساڵ دوای دروستبوونی، بە شیکردنەوەی هەلومەرجی خۆیی و بابەتیی کوردستان و ناوچەکە و جیهان و بە دەستپێشخەریی هەڤاڵ مام جەلال، لە ساڵی ١٩٨٣وە (مافی چارەی خۆنووسین) بوو بە درووشمی ناوەندیی (ی.ن.ک) بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی؛ هەر بۆیە لەوساوە و بێپەروا خەباتی بۆ دەکات. ئەم درووشمە بە تەواوی هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی یەکێتیی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر جیا کردەوە کە ئەوکات بەشێکی زۆر لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە خەون و خەیاڵ و درووشمێکی ناواقعی تەماشایان دەکرد. بەڵام تاکو ئێستا ئەو درووشمە یەکێک لە درووشمەکانی (ی.ن.ک)

ـە کە بە هیچ کلۆجێ سازشی لەسەر نەکردووە.

خاڵی چوارەم کە پرسی پاراستن و گەشەپێدانی دیموکراسی و فیدراڵییە لە عێراقدا، یەکێتی لە ڕوانگەی بڕوای تەواوەوە خەباتی بۆ دەکات. هەتا دیموکراسی لە عێراقدا گەشە بکات و سیستەمی فیدراڵی گەشەکردوو بێت، چوارچێوە یاساییەکان و ماف و ئیمتیازاتی بەشە فیدراڵییەکەی لە کوردستان و عێراق مکۆمتر دەبێت و گرفتەکانی نێوان ناوەند و هەرێم کەمتر دەبنەوە و ڕێگە دەگرن لە بیری شۆڤێنیی بەرچاوتەنگانە؛ هەر بۆیە سەبارەت بەم خاڵە، لە خاڵی پێنجەمدا جەخت کراوە لەسەر جێبەجێکردنی سەرجەم مافە یاسایی و دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان، واتە هەتا دیموکراسی گەشە بکات، مافە یاسایی و دەستوورییەکان باشتر و ئاسانتر بەدی دێن.

(ی.ن.ک) هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە بڕوای تەواوی بە پشتیوانی و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان هەبووە، لەو مەیدانەدا دەیان ئەزموونی بەرچاوی هەبووە و لە سەردەمی شاخیشدا لە پاڵ (ی.ن.ک)دا، چەندین بنکە و بارەگای هێزە جیاجیاکان

هەبوون و هەڤاڵ مام جەلال هەمیشە پشتوپەنای کەمینەکان بووە. لە سەردەمی حوکمڕانییشدا (ی.ن.ک) جەختی لەسەر مافی کۆتای کەمینەکان کردووەتەوە کە لە دەستوور و یاسادا جێگیر بکرێت؛ هەر بۆیە لە خاڵی شەشەمدا جەختی لە پابەندبوونی خۆی بە مافە دەستوورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئانزاکانی کوردستان و عێراق کردووەتەوە.

سەبارەت بە ئاشتی و ئاسایش و ئەمنی گشتی لە کوردستان و عێراق، تەنانەت ناوچەکەش، (ی.ن.ک) هەوڵی داوە هێزی ئاشتیپارێز بێت و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر و بەرژەوەندیی هاوبەش و ئاشتی و پێکەوەژیان کار بکات؛ هەر بۆیە ئەم ئامانجەی لە خاڵی حەوتەمدا بەرجەستە کردووە.

ژمارەیەک ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی هەن کە لە ئەنجامی خەباتی دوورودرێژی مێژووی بزووتنەوەی ئینساندۆستی هاتوونەتە کایە و خزمەت بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و مافەکانیان دەکات. یەکێتیی نیشتمانی ئاڵاهەڵگری جێبەجێکردنی ئەو ماف و دەستکەوتانەیە، لەوانە کە لە خاڵی هەشتەمدا هاتووە، تێ دەکۆشێت

بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی کە پەیوەستن بە نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەی بەکارهێنان و هەروەها ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی کیمیاباران، ئەنفال، جینۆسایدی ئێزیدییەکان، کوردانی فەیلی، بارزانییەکان، سپایکەر، باشوور و ناوەڕاستی عێراق و تەواوی قوربانییەکانی دەستی تیرۆریزم و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان.

سەبارەت بە کێشەی کورد لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی دەوروبەر، (ی.ن.ک) جگە لەوەی لە ماوەی ڕابوردوودا پشتیوانی مادی و مەعنەویی ئەو پرسە بووە، بەڵام هەمیشە جەختی لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد کردووەتەوە لەو پارچانەی دیکەی کوردستان؛ هەر بۆیە لە خاڵی نۆیەمدا جەخت دەکاتەوە کە پشتیوانی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی پرسی کوردە لە ناوچەکەدا.

کوردستان لە ماوەی ڕابوردوودا بە چەندین قۆناغی تەنگژە و گرفتی شەڕی ناوخۆییدا تێ پەڕیوە. کاریگەرییەکانی شەڕی ناوخۆ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە تا هەنووکەش

لەسەر تەواوی تاک و کۆمەڵی کوردستان ماونەتەوە، کە بە داخەوە حکومەتی هەرێم لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ بوو بە دوو ئیدارە و دوو زۆنی جیاواز؛ هەر بۆیە یەکێتی لە خاڵی دەیەمدا هەوڵ دەدات بارودۆخی کوردستان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە ئاسایی بکرێتەوە و کار لەسەر سڕینەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی بکرێت.

لە ساڵی ١٩٩٢دا، لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتی هەر زوو درکی بەوە کرد کە پێویستە ئەم هەرێمە خاوەنی دەستووری خۆی بێت؛ بۆ ئەو مەبەستە، چەندین لیژنەی جیاجیای پێک هێنا بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم و بۆ ئەوەی پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، بەڵام بە داخەوە، سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی (ی.ن.ک) بۆ جێگیرکردنی دەستوورێکی مەدەنی و پێشکەوتنخوازانە، تاکو ئێستا نەتوانراوە دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێت؛ هەر بۆیە جارێکی تر لە پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەمدا، لە خاڵی یازدەیەمدا

جەخت دەکاتەوە کە هەوڵ بدرێت پرۆژەی دەستووری هەرێم هەموار و پەسەند بکرێتەوە و سیستەمی پەڕلەمانیی تێدا جێگیر بکرێت.

لەپێناو بەرژەوەندی و ئامانجی گشتیدا، (ی.ن.ک) پێویستی بە پشتیوانیی لایەنە پێشکەوتنخواز و دیموکراسیخوازەکان هەیە لەپێناو بەرژەوەندیی باڵا و هاوبەشی گەلانی کوردستان و عێراق؛ هەر بۆیە لە خاڵی دوازدەیەمدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دیموکراسیخواز و نیشتمانییەکان لەپێناو بەرژەوەندییە باڵا و هاوبەشەکان.

دوابەدوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، (ی.ن.ک) هەوڵی دروستبوونی هێزێکی چەکداری نیشتمانیی داوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین پرۆژەیاسای پێشکەش بە پەڕلەمان و دەزگا پەیوەندیدارەکان کردووە و بە عەمەلییش هەوڵی بۆ داوە. لەو پێناوەشدا (ی.ن.ک) زیانی زۆری بەرکەوتووە، بەڵام بە داخەوە، ئەو ئامانجە نیشتمانییە مێژووییە نەهاتووەتە بەرهەم. بەڵام (ی.ن.ک) لای

خۆیەوە هەر بەردەوامە لە هەوڵەکانی و بە پێشنیاز و دەستپێشخەریی هەڤاڵ مام جەلال، یەکەمین کۆلێژی سەربازی و کۆلێژی پۆلیسی دامەزراند و تاکو ئێستا لە بەرهەمهێنانی کادر و ئەفسەری ئەکادیمی بەردەوامە، تا هەنووکەش هەزاران کادری بواری سەربازیی بەرهەم هێناوە؛ هەر بۆیە لە دواخاڵدا داوا دەکات لە سایەی ئاڵای نیشتمانیدا ئەو هێزە چەکدارە بە دامەزراوەیی بکرێت و بە شێوەیەکی بێلایەن ڕێک بخرێتەوە.

## بەشی سێیەم
## ئامانجە سیاسییەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بنەڕەتدا جووڵانەوەیەکی سیاسیی نوێیە و لەپێناوی کۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراودا دروست بووە، لەگەڵیشیدا ئامانجی سەرەکیی ئەم حزبە ئامانجی سیاسییە؛ هەر بۆیە لە بەرنامە و پرۆگرامەکەیدا کۆمەڵێک ئامانجی سیاسیی دەستنیشان کردووە. ئەڵبەتە بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری لە سروشت و سیستمی سیاسی و تەنانەت گۆڕانی باڵانسی هێز لە ناوچەکە و کوردستان و عێراقدا، گۆڕانکاری بەسەر درووشم و ئامانجە سیاسییەکاندا هاتووە.

بۆ حزبێکی واقعی و بابەتی، کە شانبەشانی ڕووداوەکان هەنگاو بنێ و خوێندنەوە و مامەڵە لەتەک ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا بکات، پێویستە ئامانجەکانیشی فۆرمێکی دینامیکی وەربگرن، کە ئەویش مەرجی زیندوێتی و ئۆرگانیی هەر هێزێکی

سیاسییە. لە کۆنگرەی چوارەمدا، بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغی ئێستا و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قۆناغە سیاسییە، لە بەشی سێیەمی بەرنامە و پرۆگرامدا ئامانجە سیاسییەکان دیاری کراون کە لە هەشت خاڵی سەرەکی و ژمارەیەک بڕگە پێک هاتوون. بە لەبەرچاوگرتن و دەستنیشانکردنی ناکۆکیی سەرەکی و ناسەرەکی لە خەباتی ئەم قۆناغەی (ی.ن.ک)دا، وەک ناکۆکیی سەرەکی لە خاڵی یەکەمدا هاتووە کە یەکێتی هەوڵ دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە ڕێی دانوستاندن و بە پشتبەستن بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن، هاوبەشیی ڕاستەقینە و سازانی لایەن و پێکهاتەکان، کە ئەوە ئامانجی سیاسیی زەق و دیارە لە تێکۆشانی ئەم قۆناغەی خەڵکی کوردستان کە (ی.ن.ک) ڕابەرایەتیی ئەم ئاڕاستەیە دەکات.

(ی.ن.ک) خەبات دەکات بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و عێراق کە یەکێک لە هەنگاوەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی: یاسادانان، جێبەجێکردن،

دادوەری، پاشان دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، ئەمەش بە ڕوونی لە خاڵی دووەمدا بەیان کراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە.

ئامانجێکی دیکەی (ی.ن.ک) زەمینەسازییە بۆ ئاشتییەکی فراوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئاشتی یەکێکە لە درووشمە ناوەندییەکانی یەکێتی؛ هەر بۆیە دەستەبەری ئاشتیی گشتی و سیاسی کە لە خاڵی سێیەمی ئامانجە سیاسییەکاندا بەرجەستە کراوە، بریتییە لە پابەندبوون بە بنەما دیموکراتییەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە هەموو ئاستەکاندا، ئەوەش ئامانج و ئەرکێکە (ی.ن.ک) هەوڵی بۆ دەدات. باشترین نموونەی واقعی و پراکتیکی گەر تەماشای بکەین، ئەوەیە لە ڕابوردوودا نموونەگەلێکی زۆر هەن و نوێترین نموونەی دەستاودەستکردن و هاوبەشیپێکردن لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بە ڕوونی دەبینرێت.

دیموکراتیزەکردن و فراوانبوونی بەشداریی سیاسی لە گرەوی بوونی پانتایی زیاتری ئازادیدایە. ئازادی یەکێکە لە ئاماژە و کۆڵەکەکانی بوونی دیموکراسی؛

هەر بۆیە وەک ئامانجێکی سیاسی لە خاڵی چوارەمدا، یەکێتی تێ دەکۆشێت بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، مانگرتن، ڕێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتییانە بۆ سەرجەم تاک و چین و توێژەکانی کۆمەڵ. یەکێتی لە ماوەی ڕابوردوودا لەو مەیدانەدا شانازییەکی زۆری پێ دەبڕێت و کەس نییە نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات کە لە زۆنی سەوزدا ئازادی لە ئاستێکی باشدایە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر ئامانجی یەکسانی و بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی و ئابوورییەکاندا کردووە و لەو پێناوەدا بە واقعی و پراکتیکی ئەو مەیدانەی پڕ ڕەنگ کردووە. لەسەر ئاستی حزبی و حکومییش هەمیشە پێداگریی لەسەر مافە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنان کردووە. هەڤاڵ مام جەلال یەکێک لەو ڕابەرە سیاسییانەی کورد بووە کە جێپەنجەی لەو بوارەدا زۆر دیارە، ئەوەش بە جێگیرکردنی مادەی (٥٩، ٦٢). مام جەلال ئەندازیاری داڕشتن و جێگیرکردنی ئەو دوو مادەیە کە یەکێکە لە شانازییە پرشنگدارەکان؛ هەر بۆیە لە خاڵی پێنجەمی نێو ئامانجە سیاسییەکاندا جارێکی

دیکە بە ڕوونی هاتووە: داکۆکیکردن لە یەکسانیی جێندەری، مافی ژنان و پێڕەوکردنی جیاکاریی ئەرێنی، لەپێناو هاوتاکردنی ژنان و پیاوان لە ماف و ئەرکەکاندا. خاڵی پێنجەم پشتئەستوورە بە پەیماننامە و بەڵگەنامە نێودەڵەتییەکان کە ڕاسپاردەی چەندین کۆنگرەی جیهانین. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی وەک هێزێکی داکۆکیکار لە ناو (SI) و ڕێکخراوە جیهانییەکانی تردا ناسراوە و لە پرسی جێندەرییەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەڤاڵ مام جەلال هەر لە سەردەمی شاخەوە دروشمی نان و ئازادیی بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان بەرز کردووەتەوە و لە سایەی ئەو هێزەشدا چەندین نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس ئازادانە بەهرە و پیشەی خۆیان پیادە کردووە، تەنانەت چاپخانە و توانا میدیاییەکانیش لە خزمەتیاندا بوون؛ هەر بۆیە لە قۆناغی ئێستاشدا جارێکی تر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو پەیام و دروشمانە و لە خاڵی شەشەمدا هاتووە: بەهێزکردنی دەسەڵاتی چوارەم و پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و عێراق بە گشتی و فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین.

یەکێتی، لە قۆناغی حوکمڕانی و هەژموونی سیاسیدا، لەو مەیدانەدا شانازیی زۆری پێ دەبڕێت.

جگە لەوەی کە خۆی داهێنەری یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانـە و تەلەفزیۆنی کـوردی و چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەیە و پانتایی ئازادیی ئەو دەزگایانەش فراوان بـووە، لە پاڵ ئـەوەدا هەر لە زۆنی سـەوزی ئازادیدا یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلیی ئازاد و چەندین دەزگای میدیایی دامەزراو هەبوون و تا ئێستاش هەن.

دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پێکهێنانەوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراق و سازدانی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند و پەسەندکردنی دەستوورێکی مەدەنی و مرۆیی، (ی.ن.ک) لە ڕێگەی هەڤاڵ مام جەلالەوە هەوڵی بێوچانی داوە و لە ئەنجامدا بەشێکی بەرچاو لە مافە دەستووری و یاساییەکان جێگیر کران، بەڵام ململانێ و کێبڕکێ لە نێوان پێکهاتەکانی عـێـراقـدا هێشتا بـە بـاڵانـسـی پێویست و دڵـخـوازی هەموو لایەک بەرجەستە نەکراوە؛ هەر بۆیە جۆرێک لە ناهاوسەنگی لە نێوان هەرێم و پارێزگاکانی تردا هەیە و زۆر جاریش بووەتە مایەی گرفت و ناکۆکی بۆ

هەردوو لا. هۆکاری سەرەکیی ئەو لێکترازانە لێکتێنەگەیشتنەش بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەنجوومەنێکی بالای فیدرالّی کە نوێنەرایەتیی هەرێم و پارێزگاکانی دیکە بکەن بۆ ڕاگرتنی بالانسی ماف و ئیمتیازاتەکانی، بۆ ئەوەش (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات ئەنجوومەنی بالای فیدرالّی دروست بکرێت. ئەو مەبەستەش یەکێک لە ئامانجە سیاسییەکانی ئەم قۆناغەی خەباتە و لە خالّی حەوتەمدا هاتووە: دامەزراندنی ئەنجوومەنی بالای فیدرالّ، لەپێناو تەواوکردنی یاسادانان و هاوسەنگیی نێوان هەرێم و پارێزگاکان.

هەر لە ئامانجە سیاسییەکاندا، لە خالّی هەشتەمدا کە حەوت بڕگە لە خۆ دەگرێت، گرفتی سەرەکی گرێکوێرەی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانە لە عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

(ی.ن.ک) بێپەروا و بێوچان لە نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراقدا هەوڵ و تەقەلای زۆری دا تا دواجار وەک لایەنی کەمی مافی نەتەوەیی کورد لەو ناوچانەدا لە مادەیەکی دەستووریدا جێگە بکاتەوە کە ئەویش مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق بوو بۆ

یەکلاییکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کەرکوک و ناوچەکانی تر. هەڤاڵ مام جەلال داکۆکیی سەرسەختانەی لەو پرسە کردووە و لەو پێناوەشدا هەوڵی هەمەلایەنە هەبووە کە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) وەک خۆی پێڕەو بکرێت و لە ماوەی زەمەنیی خۆیدا بگاتە ئەنجام. بەڵام ئاشکرایە جگە لەوەی خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەو مادە دەستوورییە کراوە لە کاتی خۆیدا و لە ئێستاشدا کە ماوەیەکی یەکجار زۆر بەسەر جێبەجێکردنیدا تێ پەڕیوە، هێشتا مشتومڕ و ململانێی گەرم هەیە، لایەنە نەیار و شۆڤێنییەکانی بەشدار لە حوکمڕانیی عێراقدا دەیانەوێت لە کاتی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقدا جێگرەوە بۆ ئەو مادەیە دابنرێت. بەڵام تاکو ئێستا تاکە مادەی کاریگەر و کارا بۆ بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییەکان لەو ناوچانەدا، هەر مادەی (١٤٠)ـە.

هەر بۆیە لە خاڵی هەشتەمی پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمدا سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە ڕوونی هاتووە:

ا- مادەی (١٤٠)ی دەستوور بنەما و نەخشەڕێگەی

چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمە و دەبێت وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

ب- دید و تێڕوانینە سیاسی و ستراتیژییەکانی سەرۆک مام جەلال دەبنە بەرنامەی کاری چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم.

ج- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یاسا و بڕیارەکانی (مجلس قيادة الثورة) و (لجنة شؤون الشمال) دەرهەق بە کەرکوک، شنگال، دەشتی نەینەوا، مەخموور، خورماتوو، خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم.

د- سڕینەوە و نەهێشتنی تەواوی لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم، ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بە هاوبەشی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان بەپێی دەستوور و سازانی نیشتمانی.

هـ- بایەخدان بە کولتووری فرەیی و پاراستنی ڕەسەنایەتیی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

و- هاندانی لاوان بۆ بەشداریکردن لە دامودەزگا سەربازی و مەدەنییەکانی حکومەتی هەرێم و فیدراڵ.

ز- گرتنەبەری تەواوی ڕێکارە مەدەنییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و خواستەکانی خەڵکی ڕەسەنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

بە کورتی، لە قۆناغی ئێستا و لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەی کە لە پرۆگرامدا بۆ چارەسەری کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دیاری کراوە، (ی.ن.ک) لە هەوڵی شێلگیرانەدایە لە ڕێگەی تیمەکانی پەرلەمان و حکومەت و شاندە حزبییە باڵاکانەوە مادەی (١٤٠) کارا بکرێتەوە و لەو چەقبەستووییە ڕزگاری بکات. ئەم ئەرکە ئەرکێکی بەردەوامی حزبی و ئەخلاقی و نیشتمانی و نەتەوەییە؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) ناتوانێت فەرامۆشی بکات.

## بەشی چوارەم
## ئامانجە ئابوورییەکان

هەر لە سەرەتاوە، لە پرۆگرام و بەرنامەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بایەخێکی بەرچاو بە لایەنی ئابووری دراوە بە سەرجەم سێکتەرەکانیەوە.

لە سەردەمی دیکتاتۆریدا، ڕژێمی بەعس سیاسەتی گۆڕینی تۆپۆگرافی و دیموگرافیی لە کوردستاندا پێڕەو دەکرد بە مەبەستی وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و تێکدانی سەرچاوە سروشتییەکان و بەکارهێنانی سیاسەتی دوژمنکارانەی چۆڕبڕکردنی سامانی ژێر زەوی، بە تایبەتی نەوت. کاریگەریی نێگەتیڤی ئەم سیاسەتەی بەعس لە کوردستان تاکو ئێستا لەسەر هەموو بوارە ئابوورییەکان ماوەتەوە؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) لە دوای ڕاپەرینەوە لەسەر ئاستی حوکمڕانی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستان خستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە، لە پەرلەمانیش چەندین پرۆژەیاسای پێشنیاز کردووە

کە گوزارشت بوون لە فۆرمێکی پێشکەوتنخوازانەی ئابووری و هەر کاتێک و لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا دەزگا ئابوورییەکان بە دەست (ی.ن.ک)ـەوە بووبێت، لەو بوارەدا جێدەستی دیار بووە لە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی لە ڕووی پراکتیکییەوە؛ هەر بۆیەش لە سەرجەم کۆنگرەکانی خۆیدا جەختی لەسەر ئامانجە ئابوورییەکان کردووەتەوە و لە کۆنگرەی چوارەمیشدا بە ئاشکرا لە پرۆگرامەکەدا هاتووە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کار دەکات بۆ گەشەپێدانی سیستمی ئابووری، بازاڕی ئازاد دوور لە قۆرخکاری، پشتیوانیکردن لە پلان و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان بە شێوازێکی سەردەمییانە لەپێناو گەشە و پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان و عێراق.

لە بەشی ئامانجە ئابوورییەکاندا، لە هەشت بەش و چەندین خاڵی جیاجیای تایبەت بەو بەش و سێکتەرانە، بە ڕوونی ئامانج و میکانیزمەکان خراونەتە ڕوو.

## یەکەم/ کەرتی کشتوکاڵ

لە ئێستادا وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم لە دەستی (ی.ن.ک)دایە، لە خاڵی یەکەمدا کە تایبەتە بە کەرتی کشتوکاڵی، ئەم کەرتە وەک سێکتەرێکی گرنگ و پڕبایەخ بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان تەماشا دەکرێت. سەرچاوەکانی لەو بەشە گرنگەدا بە ڕوونی بەیان کراون کە پێویستە پەرە بە بواری کشتوکاڵی بدرێت و یاسا و ڕێساکا تایبەتمەندەکان بەگەڕ بخرێنەوە، یاخود لەبەر ڕۆشنایی گەشەکردنی سەردەم و پێداویستییە هاوچەرخەکان لە بواری کشتوکاڵدا و لە قازانجی ژێرخانی کشتوکاڵی وەک یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی ئابووریی کوردستان هەموار بکرێنەوە، چونکە کەرتی کشتوکاڵی ژێرخان و سەرچاوەیەکی گرنگی بژێویی دانیشتوانە؛ هەر بۆیە داڕشتنی پلانێکی تۆکمە کە دەستەبەری ئاسایشی خۆراک بکات لە ڕێی چارەسەرکردنی کێشە کشتوکاڵییەکان و گرفتەکانی خاوەنێتیی زەوی کە مافی جووتیاران لە ئەولەویەتی کارەکان بێت، هەر وەک چۆن لە خاڵەکاندا هاتووە کە تایبەت بە کارکردن لەم بوارەدا

بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان لەو کەرتەدا:

١- پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو و داڕشتنی پلان و بەرنامەیەکی ستراتیژیی هاوچەرخ، ئەویش بە دروستکردنی بەنداوی زیاتر و سوودوەرگرتن لە ڕووبار و دەریاچەکان، کارکردن لەسەر ئەم بەرنامەیە ژێرخانێکی بەهێزی ئاسایشی ئاو بۆ کوردستان دروست دەکات و دەتوانین لە داهاتوودا ڕووبەڕووی وشکەساڵی و هەڕەشەکانی نەبوونی ئاو ببینەوە.

٢- هاندان یەکێکی ترە لەو کارانەی کە پێویستە بەردەوام پێڕەو بکرێ، بە تایبەتی هاندانی کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان و فراوانکردنی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاڕاستەکردنی جووتیاران و پشتگیریکردنیان لە وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی بەروبوومی جۆراوجۆر و پێداویستییەکانیان.

٣- لەم خاڵەشدا گرنگی دراوە بە کاراکردن و بەگەڕخستنەوەی بانکی کشتوکاڵی و ئاسانکاری بۆ پرۆژەکانیان، کە یەکێکی ترە لەو ئەرکانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت.

٤- هەروەها لەم خاڵەدا بایەخ دراوە بە گەشەپێدانی

سامانی (ئاژەڵداری، پەلەوەری، هەنگەلان و ماسی)، پاشان پێشخستنی ناوەندی پزیشکیی ئاژەڵان (ڤێترنەری).

٥- بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی بواری کشتوکاڵی و سوودوەرگرتن لە ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی و هەروەها گەشەپێدانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی هاوچەرخ و پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمهێنانی تۆو و گوڵ و نەمام و دەستەبەرکردنی زەمینەکانی داهێنان لەو بوارەدا، خەڵات پێشکەش بە داهێنەران بکرێت.

٦- پێڕەوکردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە پاراستنی لەوەڕگە و دارستانە سروشتییەکان و قەدەغەکردنی ڕاوی نایاسایی، لەم خاڵەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

٧- گوندەکان ناوەندێکی گرنگی کشتوکاڵین؛ هەر بۆیە بووژاندنەوە و گەشەپێدانی گوندەکان وەک ناوەندێکی هاندان بۆ پێشخستن و پشتیوانیکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان دەبێت کاری لەسەر بکرێت..

٨- تاکو ئێستا کێشەی زەویوزار و کێشەی جووتیاران وەک پێویست چارەسەر نەکراوە، لەم خاڵەشدا جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان کراوەتەوە.

٩– ساڵانە لە کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاو زانکۆ و کۆلێژە کشتوکاڵییەکان کادری ئەو بوارە بەرهەم دەهێنن؛ هەر بۆیە پێویستە لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی زانستی سوود لە توانای دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکان وەربگیرێت و بایەخ و گرنگیی بەرچاوی پێ بدرێت...

١٠– بۆ پتەوکردن و مکۆمکردنی ئاسایشی خۆراک، پێویستە گرنگی بە پیشەسازیی کشتوکاڵی بدرێت، بە تایبەتی بەپیشەسازیکردنی خۆراک. لە ئێستاشدا کە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەست (ی.ن.ک)دایە، بەرنامە و پلانی دڵخۆشکەر لە ئارادایە و بەشێکی بەرچاویشی جێبەجێ کراوە کە هەمان ئەو خاڵانەن کە لە پرۆگرامەکەدا هاتوون.

## دووەم/ کەرتی پیشەسازی و کانزاکان

ئەم سێکتەرە یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە (ی.ن.ک) بایەخێکی زۆری پێ داوە و ئامانجێکی بەرچاوە لە پرۆگرام و بەرنامەکانیدا. هەرچەندە کوردستان دەوڵەمەندە بە بوونی کانزایەکی زۆر و سەرچاوەی وزە، بەڵام بە داخەوە، بە هۆی گرفت و بەربەستی

لەتوانابەدەری حکومەتەوە، ئەو بەشە وەک پێویست گەشەی نەکردووە و زەمینەکانی پەرەپێدانی بۆ فەراهەم نەکراوە. گەرچی گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی بۆ یەکێتی زۆر جێی بایەخ بووە و ئەو بەشەی کە لە توانا و دەسەڵاتیدا بووبێت، لە حوکمڕانیدا پرۆژەی بەرچاوی پێشکەش کردووە، بەڵام هێشتا لە ئاستی دڵخواز و بەرنامە جەوهەرییەکانیدا نەبووە؛ هەر بۆیە لە پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەم و لە خاڵی دووەمی بەشی ئامانجە ئابوورییەکاندا هاتووە: بە ئامانجی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و کانزاکان، بە جۆرێک بتوانێت سەرجەم پێداویستییە ناوخۆییەکان دابین بکات و تەنانەت هەناردەشی بکات: هەشت خاڵ خراونەتە ڕوو بە مەبەستی کارکردن لەسەریان و بەدەستهێنانی بەشێکی بەرچاو لە ئامانجە ئابوورییەکان لە سێکتەری پیشەسازیدا.

١– داڕشتنی ستراتیژی پیشەسازی بە هاوکاریی تایبەت بۆ نوێکردنەوەی کارگە لەکارکەوتوەکان و دامەزراندنی کارگەی نوێ، بە تایبەتی ئەوانەی پشت بە کەرەستەی خاوی ناوخۆیی دەبەستن و خستنەگەڕی

دەستی کاری ناوخۆ. ئەڵبەتە ئەم ئەرک و پرۆژانە دەبێت هەماهەنگ بن لەگەڵ کەرتی تایبەت بە مەبەستی بایەخدان بەو کەرتە و سوودوەرگرتن لە هێزی کاری ناوخۆ و بەرهەمی ناوخۆ، کە دواجار کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر ئاوەدانکردنەوەی بازاڕی پیشەسازیی ناوخۆیی.

٢- بە هەمان شێوەی بانکی کشتوکاڵی، پێویستە گەشە بە سیستمی بانکی پیشەسازی بدرێت بۆ هاوکاریکردنی سەرمایەگوزاری لەو بوارەدا.

٣- سەرچاوەکانی وزە لە کوردستاندا پایەیەکی تری گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازییە؛ هەر بۆیە جەخت کراوەتەوە لەسەر دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە و کارەبا و سووتەمەنیی هەمەجۆر بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان.

٤- لەم خاڵەدا بە ڕوونی باس لە گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوخۆ کراوە لە ڕێگەی یاسا و ڕێنمایی و سیاسەتی ئابووریی گونجاو.

٥- پاشان هەوڵ بدرێت یاسایەکی هاندەرانە و گونجاو دابنرێت کە خزمەت بە کارگە و کۆمپانیاکانی

هەرێمی کوردستان بکات بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان. واتە نابێت فراوانبوونی کارگە و پرۆژە پیشەسازییەکان فۆرمی ژینگەی سروشتیی کوردستان تێک بدەن و ببنە مایەی پیسبوونی ژینگە، چونکە پاراستنی ژینگە ئامانجێکی ئاشکرای (ی.ن.ک)ـە و بە جیدییش کار لەسەر ئەو بوارە دەکات.

٦- لەم خاڵەدا هاتووە: هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکانی دەرهێنان و بەبازاڕکردن و دامەزراندنی سندووقی داهاتە نەوتییەکان.

٧- دابینکردنی وزەی کارەبا، سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزە وەک (خۆر، با، هایدرۆلیک و بەنداو). واتە نەک هەر نەوت تاکە سەرچاوە بێت بۆ دابینکردنی وزە، بەڵکو سەرچاوە سروشتییەکانی تریش بەگەڕ بخرێن و زەمینەسازییان بۆ بکرێت.

٨- دواخاڵ کە تایبەتە بە پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی، (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات کارگەی پترۆکیمیایی و پاڵاوگەی پێویست بە ستانداردی جیهانی دروست بکرێت.

**سێیەم/ کەرتی دارایی**

خاڵی سێیەم لە بەشی ئامانجە ئابوورییەکان تایبەتە بە کەرتی دارایی. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتایی دامەزراندنیەوە هەوڵی بێپایانی داوە کە کار لەسەر پێشخستن و بووژاندنەوەی کەرتی دارایی بکات، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و بەرنامەی خۆی لە ڕوانگەیەکی سۆسیال دیموکراسییەوە کە ئەوپەڕی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێ؛ هەر بۆیە جارێکی بە ڕەچاوکردنی قۆناغی ئێستای ئابووریی وڵات و باڵانسی بازاڕ و سەرمایەگوزاریی پرۆسەی گەشەکردن، تایبەت بە کەرتی دارایی، لە بەشی سێیەمدا کە سێ خاڵی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، هاتووە:

١- هەوڵدان بۆ فرەسەرچاوەکردنی داهاتەکانی هەرێم لە ڕێی هەمەجۆرکردنی چالاکییە بەرهەمدارەکان و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی تری داهات. واتە ئەوەی تاکو ئێستا پشتی پێ دەبەسترێت، تاکە سەرچاوەی نەوتە کە بەردەوام لەژێر ڕەحمەتی هەڵبەزودابەزی بازاڕی جیهانیی نەوتدایە، جگە لەوەی ئەم داهاتە حکومییە هەندێک گرێبەستی ناشەفافی تێدایە کە بووەتە مایە گرفتی

ئابووریی زیاتر و قەیران لە دوای قەیرانیش سەرهەڵدەدەن؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) لە هەوڵی بەردەوامدایە سەرچاوەیەکی دارایی زیاد بکرێت بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کەرتی دارایی هەرێم.

٢–لە خاڵی دووەمدا هاتووە کە هەوڵی هەموارکردنەوەی یاساکانی باج و ڕسومات بدرێت، بە جۆرێک کە ڕۆڵی لە پێشخستنی ئابووری و دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیدا هەبێت. یەکێک لە پایەکانی بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی بوونی باجی هەڵکشاوە لەسەر داهات کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

٣– هەر بۆ بەهێزکردنی ئەو کەرتە، (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات کە سیستمی بانکی مۆدێرن و سەردەمییانە دابمەزرێنێت، بە شێوازێک، کە توانای دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییە بانکییەکان و دەستەبەری متمانەی بانکە جیهانییەکانی هەبێت.

**چوارەم/ کەرتی کارگێڕی**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەمیشە مۆدێلێکی نوێی بۆ فۆرمی حوکمڕانی پێشکەش کردووە

و هەروەها دەستپێشخەریش بووە لەو بوارەدا، جگە لەوەی بەرگریکاری سەرسەخت و شێلگیری سیستمێکی کارگێڕیی دیموکراتی بووە، بە کردەوەش لە مەیدانی پراکتیکیدا ئەو ئامانجە و بەرنامەیەی سەلماندووە. جگە لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو دەسکەوتە مێژووییە بووە، لە دوای ئەوەش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان یەکێکی ترە لەو دەستکەوتانەی یەکێتی کە لە سنووری حوکمڕانیی خۆیدا بە شێوازێکی دیموکراسی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی وەک سیستمێکی مۆدێرنی کارگێڕی پێڕەو کرد؛ هەر بۆیە بەردەوام ئەو بەرنامە و پرۆگرامانە بەپێی پێداویستیی ئەو قۆناغە و هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم، پلان و سیستمی نوێی پێشکەش کردووە و لە بەشی ئامانجە ئابوورییەکان و بەشی چوارەمدا تایبەت بە کەرتی کارگێڕیی لە کۆنگرەی چوارەمدا، بە شەش خاڵ جەخت لەسەر گەشەپێدان و پەرەپێدانی سێکتەری کارگێڕی کراوە:

١- کارکردن بە سیستمی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەموان

و بەشدارییپێکردنی دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان لە دارشتنی پلان و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات. سیستمی لامەرکەزی لە دنیای ئێستادا یەکێکە لە شێوازە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو کە بووەتە مایەی گەشە و پەرەسەندنی ئەو وڵاتانە. هەرچی کوردستانە، لە ئێستادا شێوازێکی ناوەندیی توند پیڕەو دەکرێت کە بووەتە مایەی ناعەدالەتیی ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە و تەنانەت تا ڕادەی فەرامۆشکردن و کارکردن بە میزاج و سیاسەتی ڕۆژ کە بووەتە مایەی پاشخستنی بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان – هەر بۆیە (ی.ن.ک) جەخت دەکاتەوە کە ئەڵتەرناتیڤی ئەم قۆناغە جێگیرکردنی سیستمێکی لامەرکەزیی ئیداری و داراییە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٢– لەپێناو هێنانەکایەی حکومەتێکی تەکنۆکرات، لەم خاڵەدا هەوڵ دەدات پرەنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بگرێتە بەر.

٣– بۆ ئەوەی کارگێڕییەکی شایستە و سەرکەوتوو هەبێت، دەبێت سیاسەتێکی کارگێڕیی ڕوون دابڕێژرێت

کە پێوەرەکانی لێپرسینەوە و شەفافییەت پێڕەو بکرێن.

٤- لەم خاڵەدا ئەوە دەستنیشان کراوە کە پێویستە بەردەوام گرنگی بدرێت بە گەشەپێدانی کارگێڕی و ڕاهێنان و مەشقپێکردنی کارمەندان... بۆ ئەوەی دامودەزگاکان بەردەوام بە کادری لێهاتوو کارا دەوڵەمەند بکرێن بە مەبەستی هێنانەکایەی کارگێڕییەکی مۆدێرن کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا.

٥- بەئەلیکترۆنیکردنی سەرجەم دامودەزگا کارگێڕی و حکومییەکان ئەرکێکی ترە لەو ئامانجانەی کە یەکێتی لە هەوڵی بەردەوامدایە و بۆ ئەو مەبەستەش دەیان پرۆژەی تایبەتی پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی سەرلەبەری دامەزراوەکانی حکومەت بە ئەلیکترۆنی بکرێن.

٦- لە دواخاڵی ئامانجە ئابوورییەکان لە سێکتەری کارگێڕیدا هاتووە کە:

کار بە سیستمی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بکرێت. واتە هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ئەم دوو کەرتەدا بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی یەکتر و دواجار پێشکەشکردنی کارگێڕییەکی سەرکەوتوو.

## پێنجەم/ کەرتی تایبەت

لەم بەشەدا بە سێ خاڵی ڕوون و ئاشکرا باس لەم کەرتە کراوە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێشخستنی ئابووریی وڵاتدا. یەکێتی لەمیانەی حوکمڕانی و کارگێڕیی خۆیدا هەوڵی داوە زەمینە فەراهەم بکات بۆ کەرتی تایبەت و بە ڕەچاوکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هەلی کاری زیاتر بۆ هێزی کاری ناوخۆ دابین بکات.

١- لە خاڵی یەکەمدا هاتووە: ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەباری وەبەرهێنان بە هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکانی وەک کار، تۆمارکردنی موڵکایەتی، پێدانی قەرز، بەکرێدان و پێدانی مۆڵەت. بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵە، کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان گەشەی زیاتر دەکات و زۆرتر هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ بەرنامەی گەشەپێدانی حکومەت وەک کەرتی گشتی.

٢- زەمینەسازی و فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ ململانێ و کێبڕکێی نێوان کەرتی گشتی، تێکەڵ و تایبەت لە هەموو ئاستە ئیدارییەکاندا، یەکێکی ترە لەو ئەرکانەی کە لە ڕێی بەشداریکردن یاخود ئەو بەشەی (ی.ن.ک) لە حکومەتدایە، هەوڵ بدات جێگیری بکات

یاخود یاسای تایبەتمەند بەو بوارە پێشکەش بکات.

٣- لە بەردەوامیی بایەخدان بە کەرتی تایبەت بۆ بەهێزکردنی باری ئابووریی کوردستان، گرنگی بدرێت بە کەرتی تایبەت لە داڕشتنی پلان و سیاسەتی ئابووریدا، واتە یەکێتی دەیەوێت کەرتی تایبەت بەشدار بێت لە پەرەپێدانی توانا و بەرنامە ئابوورییەکاندا.

**شەشەم/ پرۆژەی بچووک و مامناوەند**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا، بەپێی توانا داراییەکانی حکومەت و ئەو بەشەی خۆی هەوڵی داوە بەردەوام پاڵپشتیی پرۆژەی بچووک و مامناوەند بکات. لە ئەزموونەکانی ڕابوردووی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی)دا، یەکێتی کاری زۆر و بەرچاوی کردووە و خۆی بە خاوەنی ئەو داهێنانە دەزانێت کە بودجەیەکی بەرچاوی تەرخان کردبوو بۆ هاوکاریی پرۆژە بچووکەکان بە پێدانی قەرز؛ هەر بۆیە جارێکی تر لەم خاڵەدا جەخت دەکاتەوە لەسەر:

داڕشتنی ستراتیژ و پلانی گونجاو بۆ پرۆژەی بچووک و مامناوەند، وەک سەرچاوەیەکی دیاری

ڕەخساندنی هەلی کار و بەگەڕخستنی سەرمایەی بچووک و پترکردنی بەرهەمهێنان.

### حەوتەم/ گەشتوگوزار

سێکتەری گەشتوگوزار یەکێکە لە بوارە گرنگەکان کە لە هەموو دنیادا بایەخی زۆری پێ دەدرێت و یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئابووری و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری. کوردستان وڵاتێکی لەبار و گونجاوە بۆ گەشتیاری؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) بایەخ و گرنگیی زۆری پێ داوە و زەمینەی گونجاوی بۆ فەراهەم کردووە تا بواری گەشتیاریی کوردستان گەشە بکات، بۆ ئەو مەبەستەش، درێغیی نەکردووە لە دابینکردنی ئاسایشی گەشتیاران و کارئاسانیکردن و ئاوەدانکردنەوەی شوێنە گەشتیارییەکان؛ هەر بۆیە چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری پێشکەش کردووە و بەشێکی بەرچاویشی جێبەجێ کردووە. بەڵام هێشتا ئەو کەرتە لە ئاستی پێویستدا نییە و دەبێت گەشەی زیاتری پێ بدرێت؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات بۆ دارِشتنی پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە کوردستان.

## هەشتەم/ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی

گەندەڵی یەکێکە لە کۆسپە بەرچاوەکانی بەردەم گەشەکردنی ئابووریی وڵات. لە هەرێمی کوردستان دیاردەی گەندەڵی دیاردەیەکی بەرچاوە و بووەتە نەخۆشییەکی کوشندە بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

(ی.ن.ک) بەردەوام درووشمی دژ گەندەڵی بەرز ڕاگرتووە. خودی هەڤاڵ مام جەلال یەکێک لەو کارەکتەرانە بوو کە بەردەوام درووشمی چاکسازی و پاکسازیی دووپات دەکردەوە؛ هەر بۆیە کۆنگرەی چوارەم بە کۆنگرەی نوێبوونەوە ناو نراوە. یەکێک لە ئەرکەکانی نوێبوونەوەش دژایەتیی گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەتە و باشتر جەختی لەسەر ئەو ئامانجە کردووەتەوە و لە بەشی هەشتەمی لە ئامانجە ئابوورییەکاندا بە چوار خاڵ بەرجەستەی کردووە:

١- ڕێکخستنی هەڵمەتی نیشتمانیی هەمەلایەنە و هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی لەبار و گونجاو بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاستەکاندا.

٢- پیڕەوکردنی شەفافییەت لە سەرجەم بوارەکانی

کەرتی گشتی و تێکەڵ و تایبەتدا.

٣– دەستەبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە سەرجەم بوارەکاندا بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٤– پشتگیریکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەزگا تایبەت و چاودێرەکان و هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

ئەم ئەرکە بۆ (ی.ن.ک) ئەرکێکی قورس و گرانە، بەڵام لە ئێستادا خواستێکی جەماوەریی بەرفراوان لە ئارادایە کە بەرەیەکی تۆکمە بەرامبەر گەندەڵی و ناشەفافی پێک بهێنرێت. (ی.ن.ک) دەتوانێت لە ئێستا و داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیش هەم ئاڵاهەڵگر و هەم ڕابەرایەتیی ڕەوتی دژەگەندەڵی بکات.

## بەشی پێنجەم
## ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دووتوێی بەرنامە و پرۆگرامەکانیدا هەمیشە بەرچاوڕوونیی هەبووە سەبارەت بە کارکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی کە خۆی بزوێنەری گۆڕانکاریی بەرچاوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە ئاڕاستەی مەیدانی کۆمەڵایەتی و چەندین ئامانج و درووشمی واقعی و بابەتیی خستووەتە دەستووری کاری خۆیەوە لەپێناو گەشەپێدان و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و مرۆییدا.

لە ڕوانگەی جیهانبینیی سۆسیالیستییەوە، پلانی ئەو گۆڕانکارییەی داڕشتووە و کاری لەسەر ئەو سێکتەرانە کردووە کە دەبنە مایەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە لە مەیدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا. (ی.ن.ک) لەوەدا بەرچاوڕوونە کە کۆڵەکەی بنەڕەتیی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خودی مرۆڤ خۆیەتی؛ هەر بۆیە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی

مرۆڤ و دەستەبەرکردنی تەواوی مافە مرۆییەکانی دیکە، زامنی بەردەوامیی گەشەپێدانن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان؛ هەر بۆیە لە بەشی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە پازدە بەشی سەرەکی و چەندین خاڵ و برگە پێک هاتووە، جەخت لەسەر تەوەرە سەرەکییەکە کراوەتەوە کە خودی مرۆڤە.

**یەکەم/ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی**

ئەم بەشە بایەخێکی یەکجار زۆری پێ دراوە کە لە هەشت خاڵی ڕوون و ئاشکرادا بەیان کراوە، هەر وەک:

١- ڕەخساندنی دەرفەت و زەمینەی یاسایی و ئابووری بۆ نەهێشتنی بێکاری. لای (ی.ن.ک) دەرک بەوە کراوە کە دیاردەی بێکاری دیاردەیەکی نێگەتیڤی کۆمەڵگەیە و ئاماژەیە بۆ گرفتی ئابووریی گەورە، کە دواجار قەیرانی توند بەدوای خۆیدا دەهێنێت. پێشکەوتنی ئابووریی هەر وڵاتێک بە ڕێژەی بێکاری دەپێورێت؛ هەر بۆیە جەخت لەسەر کەمکردنەوە یاخود نەهێشتنی بێکاری کراوەتەوە.

٢- کارکردن بۆ ئەوەی چەند یاسایەک دەربکرێن

لەپێناو دابینکردنی بیمەی بێکاری و کۆمەڵایەتیی هاوسەنگ بۆ تاک و خێزان. ئەم خاڵە لە ڕوانگەی فیکری سۆسیال دیموکراسیی (ی.ن.ک)ـەوە سەرچاوە دەگرێت؛ هەر بۆیە هەمیشە کار بۆ ئەو لایەنە دەکات کە بەرەو کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران هەنگاو بنێت.

٣- پێویستە بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم یاساکان هەموار بکرێنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات یاساکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی هەم گۆڕانکاری و هەم پێشکەوتنیان تێدا بکرێت بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و پەرەسەندنەکانی دنیا، ئەوەش لەپێناو هێنانەکایەی سیستمێکی مۆدێرن و مرۆیی.

٤- تایبەت بە مافەکانی ژنان و لاوان و منداڵان، چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هەن، بۆیە یەکێتی هەمیشە جەخت لەسەر ئەو یاسا و ڕێنماییانە دەکاتەوە لەپێناو پاراستنی مافەکانیان. لەم بەشەدا ئەم لایەنە بە ڕوونی لەم خاڵەدا بەیان کراوە. ئەمە جگە لەوەی کە مرۆڤ کۆڵەکەی بنەڕەتیی گەشەپێدانە، بەڵام دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە مرۆڤ بە هەردوو ڕەگەزەوە کە پیاوان و ژنانن.

٥- توێژی خانەنشینان توێژێکن کە لە ڕابوردوودا خزمەتگوزار و بەرهەمهێنەری سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان بوون. ئێستا پێویستە ژیانێکی مرۆیی شایستەیان هەبێت؛ هەر بۆیە لەم خاڵەدا هاتووە: هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی بە ڕەچاوکردنی کەمکردنەوەی جیاوازی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.

٦- لە ڕابوردوودا، کۆمەڵی کوردستان لە سایەی دیکتاتۆری و داگیرکاری و لە پای سیاسەتە دوژمنکارانەکانی بەعسی فاشیست، دووچاری چەندین کارەسات و سیاسەتی جینۆساید بووەتەوە کە بە داخەوە تاکو ئێستاش ئاسەوارەکانی لە بوارەکانی ئابووری و کولتووری و بە تایبەتی بواری کۆمەڵایەتیدا ماونەتەوە؛ هەر بۆیە لەم خاڵەدا لە پرۆگرامی (ی.ن.ک) هاتووە:

چارەسەرکردنی ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید (فەیلییەکان، بارزانییەکان، کیمیابارانکراوان، ئەنفالکراوان و ئێزیدییەکان و شەڕی تیرۆرستانی

داعش بەپێی یاسا).

٧- لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا گرفتی گەورە بوونی مادەی هۆشبەرە کە وەک نەخۆشییەکی کوشندە جەستەی کۆمەڵگەی تەنیوە. هەرچەندە بە خۆشحاڵییەوە و لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم نەخۆشییە نەبووەتە دیاردە، بەڵام بەو مانایەش نییە کە بەکارهێنەرانی ئەم مادەیە لە کوردستان بوونیان نەبێت؛ هەر بۆیە لە خاڵی حەوتەمدا هاتووە: کارکردن بۆ پاراستنی کۆمەڵ لە مادە هۆشبەرەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و کردنەوەی سەنتەری چارەسەرکردنی ئالوودەبوان.

٨- لە ئەنجامی شەڕی تیرۆرستانی داعشدا کە چەندین قوربانیی لێ کەوتەوە، تا هەنووکەش کاریگەریی بەرچاو و نێگەتیڤی لەسەر خودی قوربانیان و کەسوکاریان ماوەتەوە؛ هەر بۆیە (ی.ن.ک) لەم خاڵەی بەشی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەوڵ دەدات بۆ کردنەوەی سەنتەری زانستی بۆ چارەسەرکردن و ڕاهێنانەوەی قوربانیانی دەستی تیرۆرستانی شەڕی داعش.

## دووەم/ گەشەپێدانی مرۆیی

چەمکی گەشەپێدانی مرۆیی یەکێکە لە تیۆرەکانی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی، کە مرۆڤ ڕەگەزی بنەڕەتی و گرنگی ئەو گەشەکردنەیە؛ هەر بۆیە لە بەشی دووەمی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا بایەخێکی زۆر دراوە بە گەشەپێدانی مرۆیی. ئەو لایەنە زۆر بە هەند وەرگیراوە و لەو خاڵانەدا ڕوون و ئاشکرا میکانیزمەکانی خراونەتە دەستووری کاری (ی.ن.ک) و لە نێو پرۆگرامەکەدا بەرجەستە کراون.

١- گەشەپێدان و گرتنەبەری بەرنامەی گونجاو سەبارەت بەوەی چۆن سەرچاوە مرۆییەکان بخرێنە خزمەت پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆییەوە و تێیدا هاتووە: گرتنەبەری ستراتیژی گەشەپێدانی توانا و سەرچاوە مرۆییەکان. واتە کارکردن لەسەر ئاستی سەرچاوە گرنگە مرۆیی و توانا مرۆییەکان.

٢- لەم خاڵەدا بە ڕوونی باسی لایەنێکی تری گەشەپێدانی مرۆیی کراوە لە ڕووی خوێندن و خوێندنی باڵا و ڕاهێنان و دابینکردنی چوارچێوەی پێویست بۆ بەدامەزراوەکردن کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ

پلانی گەشەپێداندا. هەر لەم خاڵەدا هاتووە: پەرەپێدانی سیستمی خوێندنی هاوچەرخ، ڕاهێنان و مەشقپێکردن و دابینکردنی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی کە لەگەڵ بەرنامەکانی تری گەشەکردنی هەرێمدا گونجاو بێت. هەماهەنگی لە نێوان سەرجەم سێکتەرەکاندا زۆر گرنگە کە هاوشان و هاوکار و یارمەتیدەری ڕەوتی گەشەپێدانی مرۆیی بن؛ هەر بۆیە لەم خاڵەدا ڕوونتر هاتووە: هەماهەنگیی هەمەلایەنە لە نێوان سیاسەتی دانیشتوان و سیاسەتەکانی بەگەڕخستن و هێزی کار و سیاسەتەکانی خوێندن و ستراتیژی گەشەپێدان.

**سێیەم/ کەسوکاری شەهیدان و فەیلییەکان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی ئێزیدییەکان**

ئەو هەموو مەرگەسات و کارەساتانەی کە لە پای سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی داگیرکەری کوردستان بە گشتی و بەعسی فاشیست بە تایبەتی بەسەر کوردستان و دانیشتوانی کوردستاندا هاتوون، چەندین قوربانییان لێ کەوتووەتەوە و چەندین توێژی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی ئەو پرۆسانەدا

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بوون. (ی.ن.ک) بە چاوی گرنگی و پڕبایەخەوە وەک لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی، لە بەشی سێیەمی پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەمدا کە تایبەتە بە کەسوکاری شەهیدان و فەیلییەکان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی ئێزیدییەکان، لە ٩ خاڵدا بەرنامە و میکانیزمی ڕوونی دەستنیشان کردووە و لە ڕابوردووشدا لەو بارەیەوە نە کەمتەرخەمی کراوە و نە ئەو لایەنە گرنگەی کۆمەڵگەش فەرامۆش کراوە؛ هەمیشە و بەپێی توانا مادی و مەعنەوییەکان کار لەسەر ئەو ئاستە کراوە. ئەو گرفتانەش بە ئاستەنگێکی بەرچاو سەیر کراون لە بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و مرۆییدا؛ هەر بۆیە جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو ئامانجە کراوەتەوە:

١) کارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شۆڕش، قوربانیانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدی ئێزدییەکان و شەهیدانی دەستی تیرۆر و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەو کارەساتانە.

٢) گرنگیدان بە منداڵانی شەهیدان و کارئاسانیکردن

بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

٣) زیندووڕاگرتنی ناو و یادەوەرییان بە شێوازی جۆراوجۆر.

٤) بەردەوامبوون لە هەڵمەتی گەڕان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان و هێنانەوەی ڕوفاتەکانیان.

٥) کارکردن بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران و ئێزیدییەکان.

٦) کارکردن بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان.

٧) جێبەجێکردنی مادەی (١٣٢)ی دەستووری عێراق لە هەرێمی کوردستان.

٨) کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و جینۆسایدی ئێزدییەکان.

٩) هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ڕوفاتی پیرۆزی ئێزیدییەکان و قوربانیانی دەستی تێرۆریستانی داعش و بەردەوامبوون بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی بێسەروشوێنەکان.

لە ماوەی ڕابووردوودا (ی.ن.ک) کاری زۆر و شێلگیرانەی کردووە لەسەر ئاستی ئەو خاڵانە و بەشێکی بەرچاوی ئەو ئامانجانەی بەدی هێناوە، بەڵام ڕەنگە لە ئاستی دڵخواز و تەواوی مەرامەکانی (ی.ن.ک) و خەڵکی کوردستان نەبێت کە هەمیشە جەخت لەسەر باشترکردنی ڕەوتی کارکردن دەکاتەوە بۆ بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکان.

## چوارەم/ زیندانە سیاسییەکان

لە ئەنجامی خەباتی ڕەوای بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستاندا، توێژێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی زیندانیی سیاسی دەستی داگیرکەران هەن کە قوربانیی زۆریان بە جەستە و دەروونی خۆیان داوە و تا ئێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر خودی خۆیان و کەسوکاریان بە ئاشکرا دەبینرێت؛ هەر بۆیە مافی خۆیانە کە ژیان و مووچەیەکی شایستەیان هەبێت و دواجار لە ناو کۆمەڵگەدا سەرفرازانە و بەبێ گرفت بژین.

هەر لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بەو پێیەی (ی.ن.ک) پشکی شێری بەردەکەوێت لە ژمارەی زیندانیانی سیاسی، لە بەشی چوارەمی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا سێ خاڵی سەرەکی و گرنگ وەک ئامانج دیاری کراون:

١) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەموارکراو لە پەرلەمانی عێراق، تایبەت بە زامنکردنی مافی زیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زیندانیانی سیاسیی عێراق.

٢) چارەسەرکردنی زیندانیی سیاسیی نەخۆش لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەسەر ئەرکی حکومەت.

٣) تەرخانکردنی زەوی و دابینکردنی مووچەی شایستە بۆ ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

## پێنجەم/ کەمئەندامانی سەنگەر و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

(ی.ن.ک) هەمیشە لە هەوڵی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی کەمئەندامانی سەنگەر و خاوەن پێداویستییە

تایبەتەکاندا بووە، هەم لەسەر ئاستی پەرلەمان کە چەندین پرۆژەیاسای تایبەتی بەو بوارە پێشکەش کردووە، هەم لەسەر ئاستی حکومەتیش بە جیدی کاری کردووە؛ سەردەمانێک کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی لە دەستدا بووە، چەندین یاسای لە خزمەتکردن و باشترکردنی ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەو توێژەدا خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە کاریگەریی بەرچاو و پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر کۆی ژیانیان؛ هەر بۆیە جارێکی تر لەم پرۆگرامەدا لە بەشی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەتدا حەوت خاڵی سەرەکی داڕێژراون کە لەسەر هەموو ئاستەکان کاریان بۆ دەکات.

١) جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ی تایبەت بە خانەنشینکردنی (کەمئەندامانی سەنگەر)، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە.

٢) دابینکردنی زەماڵەی خوێندن بۆ کەمئەندامانی سەنگەر و کوڕ و کچیان، دابینکردنی خەرجی بۆ خوێندن بۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەپێی مەرجەکانی خوێندن.

٣) دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە ڕێگەی پێدانی زەوی یان دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی تایبەت بە کەمئەندامانی سەنگەر کە پێداویستیی کەمئەندامانی تێدا ڕەچاو بکرێت.

٤) هاوکاریکردنی تەواوی کەمئەندامانی سەنگەر بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.

٥) کردنەوەی چەند سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و پیشەیی لە شار و شارۆچکەکان بۆ کەمئەندامانی سەنگەر.

٦) دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی کەمئەندامانی سەنگەر.

٧) دیاریکردن و دابینکردنی مینحەیەکی گونجاو بۆ بەخێوکەری کەمئەندامان بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**شەشەم/ تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەکان**

لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و دیموکراتیدا، لە شەست ساڵی ڕابوردوودا سەدان و هەزاران کەس لە شۆڕش و بەرخودانددا بەشدار بوون، بە تایبەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەران

و خەباتگێڕانی شۆڕشی نوێ، کە خۆشبەختانە بەشێکی زۆریان لە ژیاندا ماون و سەرفرازانە دەژین. تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەکان توێژێکن کە لە لای (ی.ن.ک) پلەیەکی شایستەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حزبییان هەیە؛ هەر بۆیە بەردەوام لە خەمی ژیان و گوزەرانی ئەواندایە و لە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و لە بەشی شەشەمدا بە سێ خاڵی سەرەکی چەند پلان و بەرنامەیەکی دیاری کردووە بە مەبەستی گۆڕانکاری لە ژیانیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە:

١) جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە ڕاژە و خزمەتی پێشمەرگە دێرینەکان.

٢) دابینکردنی زەوی یان یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

٣) دابینکردنی ئیمتیازاتی ژنانی شاخ بەپێی ساڵانی خەبات.

## حەوتەم/ ژنان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە ئاشکرا لە ڕوانگەی جیهانی و فیکری و

سیاسیی خۆیەوە وەک هێزێکی چەپی دیموکرات پەیامی یەکسانیخوازیی نێوان ژنان و پیاوانی بەرز ڕاگرتووە، هەمیشە لەسەر هەموو ئاستەکان کاری پراکتیکیی بۆ کردووە و بەردەوام لە هەوڵی فەراهەمکردنی زەمینەی لەباردا بووە بۆ بەشداریی ژنان لە سەرجەم کایە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا کە کاراتر و بەرچاوتر ژنان بگەنە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی. (ی.ن.ک) یەکێکە لە هێزە پێشەنگەکان کە لەسەر ئاستی حزبی و ئۆرگانییش سیستمی کۆتای جێگیر کردووە و لەسەر ئاستی حکومەت و پەرلەمان جێدەست و کاریگەریی خۆی هەیە؛ هەر بۆیە لە بەشی حەوتەمی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆگرام و بەرنامەدا بە چوار خاڵ ئامانج و میکانیزمەکانی دیاری کردووە:

١) خەباتکردن بۆ یەکسانی و چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا، بە تایبەت جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی ژنان (پەیماننامەی سیداو).

٢) کارکردن بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ دابینکردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ ژنان لە ڕێگەی

پرۆژەی هەمەجۆرەوە.

٣) بەگژاچوونەوە و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە تێڕوانین و بیروباوەڕێک کە بانگەشە بۆ جیاکاریی ڕەگەزی بکات.

٤) بڵاوکردنەوەی کولتووری یەکسانی لە کۆمەڵدا و ڕێکخستن و پاراستنی مافەکانی ژنان و ڕەنگدانەوەی لە ناو یاساکاندا.

## هەشتەم/ کوردستانیانی هەندەران

بە هۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی نالەباری کوردستان و جەنگ و وێرانکاری و ناسەقامگیری و قەیران لە دوای قەیران کە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستان هەبووە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ناچاری ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە.

(ی.ن.ک) هەر لە سەرەتای شۆڕشی نوێوە بەردەوام لەسەر ئەو ئاستە لە هەندەران کاری کردووە و لە دوای ڕاپەڕینیش لە ڕێگەی نوێنەرانی (ی.ن.ک)

بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپا لە هەوڵدا بووە کە لۆبییەکی کاریگەر و بەرچاو لە هاووڵاتیانی کوردستان دروست ببێت بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی پرسی ڕەوای گەلەکەمان بە دنیای دەرەوە. کۆنگرەی چوارەمیش لە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بەشی هەشتەمدا بە چوار خاڵی سەرەکی ئامانج و میکانیزمەکانی دیاری کردووە و دەڵێت:

بە هۆی ناسەقامگیریی دۆخی ئەمنی و باری ئابووریی ناوخۆی وڵاتەوە، ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان ڕوویان لە هەندەران کردووە، بۆیە (ی.ن.ک) هەوڵ دەدات بۆ:

١) سوودوەرگرتن لە توانا و شارەزاییان.

٢) بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناو ئەو نەوەیەی لە هەندەران لە دایک بوون و ژیاون.

٣) گرنگیدان بە ڕۆڵ و پێگەیان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی مەدەنییانە و دیپلۆماسییانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن وەک گرووپی فشار لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی جیهان بۆ ناساندن و پشتیوانیکردن لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

٤) هەماهەنگیکردن لەگەڵ عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات.

**نۆیەم/ لاوان**

هەمیشە لاوان پێگەیەکی گرنگیان هەبووە لای (ی.ن.ک)، چونکە هەر لە سەرەتاوە بەشی هەرە زۆری دامەزرێنەرانی (ی.ن.ک) و بەشە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران گەنج و لاو بوون. بۆ یەکێتی، لاوان سەرمایەیەکی هەرە گەورە و بەنرخی کۆمەڵی کوردستانن. داهاتوو بە دەستی ئەوانەوەیە؛ هەر بۆیە لە پرۆگرام و بەرنامەکانیدا هەردەم بایەخێکی گرنگ بەو توێژە دراوە و لەسەر ئاستی هەموو بوارەکان پلان و بەرنامەی درێژخایەن داڕێژراوە بۆ پێگەیاندنی لاوان وەک ڕۆڵەی دوارۆژی میللەتەکەمان. (ی.ن.ک) لە ماوەی ڕابوردووی حوکمڕانیدا هەم بە پرۆژەیاسا و هەم پێشکەشکردنی بەرنامەی جیاجیا، خزمەتی بە جووڵانەوەی لاوان و خواست و داواکارییەکانی کردووە، هەم لە ڕێگەی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و هەم لە ڕێگەی

خوێندکاران و لاوان وەک دوو ڕێکخراوەی کارا و ئەکتیڤ.

لەو ڕوانگەیەوە، (ی.ن.ک) لەپێناو ئاییندەیەکی گەش و شایستەدا خەبات دەکات بۆ:

١) پێگەیاندنیان و دۆزینـەوەی هەلی کار بۆیان، خستنەگەڕی تواناکانیان لە ناوخۆ و دەرەوە.

٢) ڕەخساندنی هەلومەرجی فراوان بۆ پەرەپێدانی ئازادانەی توانا و بەهرەکانی لاوان و گەشەپێدانیان لە ڕێی دابینکردنی دەرفەتەکانی بەشداربوون لە سەرجەم کایەکاندا.

٣) دابینکردنی زەمینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانـی کوڕ و کچ لـە کاتی پێکهێنانی خێزان و نیشتەجێبووندا.

٤) دروستکـردنی کـەشی ئـازاد بـۆ لاوان بۆ بەشداربوونیان بە شێوەیەکی چالاک لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابووریدا.

٥) گەشەپێدان و زیادکردنی سەنتەرەکانی ڕاهێنان و پێگەیاندنی لاوان و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندیی نێوان لاوانـی کوردستان و بەستنەوەیان بە لاوانی

عێراق و ناوچەکە و جیهانەوە.

٦) پراکتیککردنی میکانیزمی مۆدێرن لە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی لاواندا، تا بتوانن ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆیان بکەن.

٧) پەروەردەکردنی لاوان بە گیانێکی سەردەمییانە بۆ زیاتر خۆشەویستیی خاک و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانییان.

سەرجەم ئەو خاڵانە بەشێکی زۆریان کاریان لەسەر کراوە و بەشێکی بەرچاویشیان جێبەجێ کراون، لە داهاتوودا لەسەر هەموو ئاستەکان کاری شێلگیرانەتریان لەسەر دەکرێت.

### دەیەم/ وەرزش

وەرزش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکی مرۆییە. لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەم مەیدانە بە درێژایی مێژووی چەوسانەوە و داگیرکاری، سیاسەتی دوژمنکارانە و جیاکارییانەی بەسەرەوە دیار بووە، کە بە داخەوە نەتوانراوە ژێرخانێکی بەهێزی لایەنی وەرزشی دروست بکرێت. لە کوردستانیش

دوای ڕاپەڕین، سەرەڕای هەوڵەکانی (ی.ن.ک) بۆ ئاوڕدانەوە لەو مەیدانە زیندووەی کۆمەڵ، ئەویش هەر لە دروستکردنی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان و بایەخدان بە تیپە میلییەکان وەک یەکەیەکی بنەڕەتی بۆ گەشەکردنی فراوان و جووڵانەوەی وەرزشی، بەڵام گرفت و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان بەرۆکی ئەم سێکتەرەشیان گرتووە و کاریگەریی نێگەتیڤی زۆریان هەبووە لە بواری وەرزشیدا، بەڵام (ی.ن.ک) هەمیشە هەوڵەکانی خۆی چڕ کردووەتەوە بۆ بایەخدان و گرنگیدان بە وەرزش و دەرخستنی توانا شاراوە و ئاشکراکانی لاوان لە بواری چالاکیی وەرزشیدا؛ هەر بۆیە لە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بەشی دەیەمدا بە هەشت خاڵی سەرەکی و ڕوون ئامانج و میکانیزمەکانی دیاری کردووە.

(ی.ن.ک) هەوڵ دەدات بۆ:

١- هۆشیارکردنەوەی لاوان بۆ بەردەوامبوون لە چالاکیی وەرزشی.

٢- دامەزراندنی یانەی وەرزشیی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی وەرزش لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

٣- بنیادنانی ژێرخانی وەرزشی لە شارەکاندا، وەک یاریگە و مەلەوانگە و هۆڵی داخراو.

٤- دامەزراندنی بنکەی تەندروستیی وەرزشی بۆ چارەسەرکردنی سروشتی و نەشتەرگەریی وەرزشی لە شارە گەورەکاندا.

٥- دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری وەرزشی.

٦- دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانیی وەرزشی بۆ گرنگیدان بە ڕۆڵی وەرزش لە کوردستاندا.

٧- دابینکردنی توانای دارایی بۆ هێنانی ڕاهێنەری پسپۆڕ بۆ ڕاهێنانی تیپەکان و دادوەرە وەرزشییەکان بە نوێترین بنەماکانی پەروەردە و یاسای وەرزشی.

٨- گرنگیدان بە تیپە مillییەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان.

**یازدەیەم/ پەروەردە و خوێندنی باڵا**

(ی.ن.ک) هەمیشە لە هەوڵدا بووە کە بایەخێکی گرنگ بە سێکتەری پەروەردە و خوێندن بدرێت. هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر ئەوە کردووە کە گۆڕانکاریی

ڕیشەیی لە بنەما و شێوەی خوێندنی سەردەمی داگیرکاری و کۆنەپەرستانەدا بکرێت و لە جێگەیدا میتۆد و فەلسەفەیەکی مۆدێرنی ئینسانی جێگیر بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە، لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بە پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای تایبەت بە بواری پەروەردە و فێرکردن و هەروەها لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە کاری زۆر کراوە بۆ گۆڕینی سەرلەبەری میتۆدی پەروەردە و خوێندن. ئەم هەوڵانەش دیسانەوە بەر کۆمەڵێک گرفت و نەریتی دواکەوتوانە دەکەون، کە بەشێکیان هێزە کۆنەپارێزەکانیشی لە پشتەوە بوو، کە ڕێگر بوون لە گۆڕینی میتۆد و فەلسەفەی پەروەردە و خوێندنی هاوچەرخ. بەڵام (ی.ن.ک) وەک هێزێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز هەمیشە شانبەشانی گۆڕانکارییەکانی سەردەم ڕێی کردووە و ڕووبەڕووی کۆنەپەرستی بووەتەوە و هەرگیز سازشی لەسەر هیچ یەکێک لە ئامانجەکانی نەکردووە؛ نەک هەر ئەوەش، بەڵکو (ی.ن.ک) چەندین دەستکەوتی گەورەی بە دەست هێناوە. لە بەشی یازدەیەمی پرۆگرامی (ی.ن.ک)دا کە تایبەتە بە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا، لە هەشت

خاڵدا ئامانجەکانی ڕوون کردووەتەوە.

١- هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و نوێکردنەوەی بەردەوامی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، گەشەپێدانی بەردەوامی فەلسەفە و سیستمی پەروەردە و فێرکردن بۆ تەواوی خوێندنگەکان.

٢- زیادکردنی خوێندنگەکان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.

٣- بایەخدانی زیاتر بە بەشە ناوخۆیی و هونەرییەکان و هاتوچۆ بۆ خوێندکاران.

٤- گەشەپێدانی پەیمانگە و زانکۆکان، پاراستنی سەربەخۆییان لە ڕووی ئەکادیمی، دارایی و کارگێڕییەوە و بایەخدان بە توێژینەوە زانستییەکان.

٥- بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لە ڕووی چۆنایەتییەوە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا گونجاو بێت.

٦- گرنگیدان بە وزە و توانای ئەکادیمیستەکان، هاندانی کۆچی پێچەوانەی پسپۆڕان و خاوەن بڕوانامە باڵاکان لە دەرەوە بۆ ناوەوەی وڵات.

٧- دابینکردنی کورسی و زەمالەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات و کارئاسانیکردن بۆ خوێندکاران.

٨- کردنەوەی پەیمانگەی تایبەت بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و دەژین.

**دوازدەیەم/ تەندروستی**

ڕادەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک چەند بەندە بە بوونی ئازادی و دیموکراسییەوە، هێندەش بەندە بە باشبوونی سیستمی تەندروستییەوە. لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر تاک و کۆمەڵی خەڵکی کوردستان، (ی.ن.ک) هەمیشە پرۆگرام و بەرنامە و پلانی گونجاوی بۆ باشترکردنی سیستمی تەندروستی پێشکەش کردووە و بەردەوامیش کاری کردووە بۆ گۆڕینی بنچینەی سیستمی تەندروستی بۆ سیستمێکی پێشکەوتووی مۆدێرنی نموونەیی. (ی.ن.ک)، وەک ئاڵاهەڵگری سۆسیال دیموکراسی، جەخت دەکاتەوە لەسەر بیمەی تەندروستی و باشترکردنی ڕەوتی گشتیی تەندروستی لە کۆمەڵدا، ئەویش بە بەهێزکردنی

ژێرخانی تەندروستیی وڵات؛ هەر بۆیە بەگرنگزانینی ئەم سێکتەرە وای کردووە کە لە بەشی یازدەیەمی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا، یانزە خاڵی سەرەکی دابڕێژرێت کە بریتین لە میکانیزم و پلان و بەرنامە بۆ بەدیهێنانی بوارێکی پێشکەوتووی تەندروستی کە لانی کەم هاوشانی ستانداردی نێودەوڵەتی و خواستی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بێت.

١- هەوڵدان بۆ دانان و جێبەجێکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی.

٢- گرنگیدان بە هۆشیاریی تەندروستی و بەرنامەی خۆپارێزیی تەندروستی بە سیستمێکی تەندروستیی مۆدێرن.

٣- ڕێکخستنەوەی سیستمی تەندروستی بە شێوەیەکی سەردەمییانەی گونجاو لەگەڵ ستاندارە جیهانییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکان و داهاتی تاک.

٤- چاودێریکردن و پاراستنی تەندروستیی ژنانی دووگیان و کۆرپەکانیان.

٥- پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان و کردنەوەی

سەنتەری تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان.

٦- بەهێزکردنی دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵ لەسەر دەرمان و خۆراک و کەرەستە پزیشکییەکان.

٧- گرنگیدان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان و پەرەدان بە توانا تەندروستییەکان لە ناوەوە و دەرەوە، هەوڵدان بۆ هێنان و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ و شارەزا لە سەرجەم بوارە تەندروستییەکاندا بۆ نەخۆشخانەکان.

٨- کردنەوەی کۆمەڵگەی پزیشکی لە شار و شارۆچکەکان.

٩- هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان و کلینکە پزیشکییەکان، بە جۆرێک کە لەگەڵ داهاتی تاکدا بگونجێت.

١٠- بایەخدان و فراوانکردنی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە منداڵان، بە جۆرێک کە بتوانێت خزمەتی بەرچاو بە تەندروستیی منداڵان بکات، هەروەها کردنەوەی سەنتەری چارەسەری سروشتی و دەروونی و ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.

١١- ڕێکخستنەوەی کار و پاراستنی مافی کارمەندانی

تەندروستی لە پزیشک، پەرستار، دەرمانساز، تاقیگەکان، کارمەندانی کارگێڕی و هەروەها ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا کار دەکەن.

**سیازدەیەم/ ژینگە**

پرسی ژینگە یەکێکە لەو پرسانەی کە (ی.ن.ک) بایەخێکی زۆری پێ داوە. خودی هەڤاڵ مام جەلال یەکێکە لەو کاراکتەرانەی کە لە شاخیش گرنگیی بە ژینگە و پاراستنی ژینگە داوە و ئەم پرسە کراوەتە یەکێک لە ئەرکە ئەخلاقی و نیشتمانی و ئینسانییەکانی (ی.ن.ک).

هەر بۆیە لە سەردەمی حوکمڕانیدا جگە لەوەی کە ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی و پرسی ژینگەی بە هەند وەرگرتووە، هەوڵێکی چڕ و فراوانیشی داوە بۆ کارکردن لەو مەیدانەدا، چ لە ڕێی شارەوانی و چ بەڕێوەبەرێتیی باخچەکان و هەڵمەتەکانی پاککردنەوەی ژینگە؛ لەسەر بودجەی (ی.ن.ک)، چەندین باخچەی گشتی و پارکی جیاجیا دروست کراون؛ هەر بۆیە بە پێشنیازی (ی.ن.ک) وەزارەتی ژینگە و دواتر دەستەی

ژینگەی هەرێم دامەزرێنران. لە پرۆگرامەکانی (ی.ن.ک) دا و لە بەشی سیازدەیەمی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا کە تەرخان کراوە بۆ ژینگە، هاتووە:

دانانی پلانی گەنجاو بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، پابەندبوون بە پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگە، دانانی دیسپلین بۆ دابینکردنی سەلامەتی و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە. هەروەها کارکردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری چەکە کۆمەڵکوژە بەکارهێنراوەکان، پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین لە کوردستان لە پاشماوەی ئەو چەک و تەقەمەنییانەی کە ژینگەی هەرێمیان پیس کردووە.

ڕەچاوکردنی پاراستنی ژینگە لە شوێنە پیشەسازییەکان، دروستکردنی کارگەی ڕیساکلین بۆ سوودوەرگرتنەوە لە خۆڵ و خاشاک و پاشماوەکان.

**چواردەیەم/ نیشتەجێبوون**

گرفتێکی بەرچاو لە هەر کۆمەڵگەیەک لەسەر ئاستی دنیادا، پرسی نیشتەجێبوونە کە بەردەوام دەبێت

بەرنامە و پلانی تۆکمە و گونجاوی بۆ دابنرێت بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەر پێداویستییە مرۆییەکان کە یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی هەر تاکێک و خێزانێکە کە بەهرەمەند بێت لە یەکەی نیشتەجێبوون. بۆ ئەو مەبەستە، لەسەر ئاستی جیهاندا پلانی کورتخایەن و درێژخایەن هەن هەم بۆ چارەسەری ئەو گرفتە و هەم بۆ ڕاگەیشتن بە گەشەکردنی دانیشتوان و خواست لەسەر مافی نیشتەجێبوون. (ی.ن.ک) لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتییەوە بۆ پرسی نیشتەجێبوون، لە ماوەی ڕابوردوودا چەندین پرۆژەیاسای جیاجیای پێشکەش کردووە، کە دەستکەوتی بەرچاوی بە ئاقاری چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لێ کەوتووەتەوە؛ هەر بۆیە لە پرۆگرامی کۆنگرەی چوارەمدا و لە بەشی چواردەیەمدا کە تایبەتە بە نیشتەجێبوون، هاتووە:

١- چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بە تایبەتی بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت و پێداچوونەوە و هەموارکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لە بواری نیشتەجێبوندا کاریان پێ دەکرێت، سەرباری

ڕێکخستنەوەیان بە شێوازێک کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت.

٢- هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی نیشتەجێکردنی شوقە و خانووی نیشتەجێبون بۆ هاووڵاتیان، بە شێوەیەک، بکرێتە چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون بە ڕەچاوکردنی داهاتی هاووڵاتیان.

٣- چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونی پێشمەرگە، کەمئەندامانی سەنگەر و زیندانە سیاسییەکان، کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی شەڕی داعش و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

**پازدەیەم/ بواری کولتووری**

بواری کولتووری یەکێکە لەو بوارانەی کە بە ڕاستی (ی.ن.ک) بایەخێکی زۆری پێ داوە و ئەزموونەکانیش ئەوەیان نیشان داوە کە لە سایەی حوکمڕانی و هەژموونی (ی.ن.ک)دا ئەو بوارە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە؛ هەر بۆیە لە دوابەشی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پێنج خاڵی سەرەکی میکانیزمی پەرەپێدان و کارکردن

لە سێکتەری کولتووریدا بەرجەستە کراون.

١- گەشەپێدانی بزووتنەوەی کولتووری، دامەزراندنی ناوەندی زانستیی تایبەت بە شێوازەکانی زمانی کوردی، لەپێناو بەستانداردکردنی زمان و گەشەپێدانی ئەکادیمیای کوردی.

٢- دابینکردنی زەمینەی لەبار بۆ گەشەپێدانی بوارە جیاجیاکانی میدیا، هونەرە جوانەکان، سینەما، ئەدەب و ڕێنووسی کوردی.

٣- کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆر، کەلەپووری کوردی و بەئەرشیڤکردنی بەڵگەنامە نووسراو و زارەکییەکانی گەلەکەمان.

٤- گرنگیدان و ڕێزگرتن لە کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی سەربەم پێکهاتەکانی وەک (تورکمان، عەرەب، ئەرمەن، کلدان و ئاشووری) و ئایین و ئایینزاکانی وەک (مەسیحی، ئێزیدی، سابیئەی مەندانی، کاکەیی) کە لە کوردستان دەژین.

٥- کوردستان لانکەی شارستانییەتە، هەر وەک لە بەڵگەنامە شوێنەوارییەکاندا سەلمێنراوە، پێویستە بایەخ بە شوێنەوارە دێرینەکان و خانووە کۆنەکان بدرێت،

شانبەشانی گرنگیدان بە فراوانکردن و گەشەپێدانی مۆزەخانە و مۆنۆمێنتەکان، گرنگی بدرێت بە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکەش لە پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.

پرۆگرامی (ی.ن.ک) پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمە، کە کۆنگرەیەکە ئومێد و هیوای زۆر لەسەر هەڵچنراوە و ئاسۆی بەرەو نوێبوونەوەیە لە سەرجەم مەیدانەکاندا. بۆیە پێویستە چاودێرییەکی ورد و بەدواداچوون بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە. لە بەش و خاڵ و بڕگەکانی ئەم بەرنامەیەدا هاتووە لە نێوان دوو کۆنگرەدا، واتە کۆنگرەی چوارەم هەتا بەستنی کۆنگرەی پێنجەم، وەک وتراوە، گرنگیی بەرنامە و پلان و پرۆگرامەکان لە جوان دارشتنیدا نییە، بەڵکو عیبرەت لە جێبەجێکردنیدایە.

# پاشکۆ

# پرۆگرامی
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## دەروازە...

لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان(ی.ن.ک) وەک پێویستییەکی مێژوویی و شێوازی نوێی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بە رابەرایەتی سەرۆک مام جەلال دامەزرا. دوای ساڵێکیش لە دامەزراندنییەوە خەباتی چەکداری دەست پێکردەوە و بەو جۆرە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانی هەڵگیرساند. لەدژی ستەم و زۆرداری رژێمی فاشیستی عێراق، شۆڕشی نوێ بووەوە ئومێدی دوای نائومێدی و هۆکارێک بوو بۆ هەستانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

لەو رۆژگارەوە تاکو ئەمڕۆ یەکێتیی بەچەندین وێستگەی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، بەڵام هەمیشە خۆی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکان و شێوازی نوێی

خەبات گونجاندووە، بۆیە وەک پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان مایەوە و لەسەر ئاستی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی عێراقیش ڕۆڵێکی مێژوویی گەورەی گێڕا. بەری ڕەنجی خەبات و قوربانییەکانی(ی.ن.ک) و هێزە ئازادیخوازەکانی تر ڕاپەڕین، هەڵبژاردنی پەرلەمان، دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی، ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، پەسەندکردنی دەستوری نوێی عێراق کە تیایدا سیستمی فیدراڵی و پەرلەمانی جێگیرکران و بۆ یەکەمجاریش لە مێژووی عێراقدا کوردێک بوو بە سەرۆک کۆمار.

بە هۆکاری چەندین ئاستەنگی گەورە بەستنی کۆنگرەی چوارەم زۆر دواکەوت، چونکە لەنێوانی هەردوو کۆنگرە گەلی کوردستان بەگشتی و یەکێتیش بەتایبەت بە هەلومەرجێکی زۆر نالەباردا تێپەڕین. سەرەڕای ئەوەش، لە بارودۆخێکی پڕ لە قەیران و گۆڕانکاری لە کوردستان، عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆژانی(٢١ -٢٠١٩/١٢/٢٥) لە شاری سلێمانی و بە چاودێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی

عێراق و دەستەیەکی دادوەران، بە بەشداری (١٠٩٠) هەزار و نەوەد ئەندام و لەژێر دروشمی نوێبوونەوە چوارەمین کۆنگرەی خۆی بەست، لەو کۆنگرەیەدا، بڕیار لەپێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و متمانە بە سەرۆکەکەی درا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، پڕۆژەی پرۆگرام و پەیڕەو وەک بنەما وەرگیران و دەسەڵاتی پێداچوونەوە و پەسەندکردنیان بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی سپێردرا.

لەپێناوی بەرجەستەکردنی دروشمی نوێبوونەوە بە شێوازێکی نوێ، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەپێی بازنەی جوگرافی، بە بەشداری ژنان و گەنجان هەڵبژارد و سیستمی هاوسەرۆکی بۆ بەڕێوەبردنی(ی.ن.ک)ی دوای قۆناغی سەرۆک مام جەلال پەسەندکرد.

پەیڕەوی ناوخۆ بەپێی پەیکەری نوێی یەکێتیی کە لەگەڵ کاری دامەزراوەیی و هەڵبژاردنەکان گونجێندرا و سێ پرنسیپی (بە کۆمەڵ بڕیاردان، چاودێریکردن و دابەشکردنی ئەرک و لێپرسراوێتی) بە بنەمای سەرەکی کارکردن جێگیر کرا.

یەکێتی وەک هێزێکی سۆشیالیست – دیموکرات،

خەباتگێڕ و ئازادیخواز تێدەکۆشێت لەپێناوی:
دەستەبەرکردنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ، دادپەروەریی کۆمەلایەتی، بەشداری پێکردنی ژنان و لاوان لە پرۆسێسی (سیاسی، بەڕێوەبردن و بڕیاردان)، یەکسانی جێندەری، پێکەوەژیانی ئاشتیانە، داکۆکیکردن لە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق، هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاسا و بڕیارە ستەمکارەکانی رژێمی بەعس، دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی، مافی کرێکاران، هەلی کار، پاراستنی ژینگە و ئارامی لە ژێر سایەی حوکمڕانیەکی دروست و سەقامگیر.

یەکێتیی لە چوارچێوەی دەستور و لە رێگای فراکسیۆنەکانی لە پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان و تیمەکانی لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و ئۆرگانەکانی تری هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەم پرۆگرامە.

# بەشی یەکەم
# سۆشیالیست - دیموکرات

یەکێتیی حزبێکی سۆشیالیست – دیموکراتی گەلی کوردستانە. لەپێناوی جێبەجێکردنی بنەماکانی سۆشیالیست – دیموکرات، بەتایبەت بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و ژیانێکی سەردەمیانە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشێت.

بەوپێیەی کە(ی.ن.ک) ئەندامی سۆشیالیست ئینتەرناشنالە(SI) لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان، بە رەچاوکردنی تایبەتمەندی هەلومەرجەکانی کوردستان و عێراق، پابەندە بە سیاسەت و جیهانبینی سۆشیالیست ئینتەرناشنال.

هێڵەگشتییەکانی بریتین لە فرەیی سیاسی، ئازادی بیروبۆچوون، ئازادی راگەیاندن، ئاشتیپارێزی، سۆلیداریتی، پاراستن و دەستەبەرکردنی شکۆمەندی مرۆڤ و دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی داهاتەکان بەسەر تەواوی هاوڵاتیان لە رێگای دابینکردنی پەروەردە، خوێندن، نیشتەجێکردن، بیمەی کۆمەڵایەتی، بیمەی تەندروستی، یەکسانی لە دابینکردنی هەلی

کار، پێویستییەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پێکەوەژیان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و ئاشتی هەمیشەیی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان هاوشانی هێزە مەدەنییە کوردستانی، عێراقی و جیهانییەکان تێدەکۆشێت.

## بەشی دووەم
## ئامانجە گشتییەکان :

١) تێدەکۆشێت لە پێناوی ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی، لێبوردەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سەروەریی یاسا، مافی هاوڵاتیبوون، کۆمەڵی مەدەنی، سیستمی سیکۆلار، هاوکاری و سۆلیداریتی، پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و ئارامی لە سەر بنەمای رێزگرتن لە مافەکانی یەکتر. هاوکات دژی دیکتاتۆری، جەنگ، داگیرکردن، چەوساندنەوە، هەژاری، گەندەڵی، جیاکاریی(نەتەوەیی، رەگەزی، ئاینی و ئاینزایی)، شۆفێنیزم، کۆنەپەرستی و تیرۆریزمە.

٢) پابەندبوون بە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و تێکڕای ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ.

٣) بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان بەشێوازێکی دیموکراسییانە.

٤) پاراستن و گەشەپێدانی سیستمی دیموکراتی، فیدراڵی و پارلەمانی لە عێراق.

٥) جێبەجێکردنی سەرجەم مافە یاسایی و دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت و عێراق بە گشتی.

٦) پابەندبوون و پشتیوانیکردن لەمافە دەستوورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزاییەکانی کوردستان و عێراق.

٧) جێگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە کوردستان و عێراق بە تایبەتی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر، بەرژەوەندیی هاوبەش و بە ئاشتی پێکەوەژیانی گەلان.

٨) تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە نەهێشتنی چەکی

کۆمەڵکوژ، قەدەغەکردنی بەکارهێنانیان، ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی: کیمیاباران، ئەنفال، جینۆسایدی ئێزدییەکان، کوردانی فەیلی، بارزانییەکان، سپایکەر، باشور و ناوەڕاستی عێراق و تەواوی قوربانییانی دەستی تیرۆر و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوان.

٩) پشتیوانیکردن لە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی گەلی کورد لە ناوچەکەدا.

١٠) ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی و چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی.

١١) هەمواركردنەوە و پەسەندکردنی پڕۆژەی دەستورێکی مەدەنی و پارلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان.

١٢) پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دیموکراسیخواز و نیشتمانییەکان، لەپێناو بەرژەوەندییە باڵا و هاوبەشەکانی گەلانی کوردستان و عێراق.

١٣) بە دامەزراوەییکردن و بێلایەنکردن و یەکخستنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارەکان لەژێر سایەی ئاڵای نیشتمان.

## بەشی سێیەم

## ئامانجە سیاسییەکان :

١) چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەرێی دانوستان و بەپشت بەستن بە جێبەجێکردنی دەستوری عێراق، لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن، هاوبەشێتی راستەقینە و سازانی لایەن و پێکهاتەکان.

٢) جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی : یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.

٣) پابەندبوون بە بنەما دیموکراتییەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە هەموو ئاستەکان.

٤) دەستەبەرکردنی ئازادی رادەربڕین، مانگرتن، رێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتییانە بۆ سەرجەم تاک و چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

٥) داکۆکیکردن لە یەکسانی جێندەری، مافی ژنان و پەیڕەوکردنی جیاکاریی ئەرێنی، لەپێناو هاوتاکردنی ژن و پیاو لەماف و ئەرکەکانیاندا.

٦) بەهێزکردنی دەسەڵاتی چوارەم و پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت و عێراق بە گشتی و فەراهەمکردنی ئازادی ڕادەربڕین.

٧) دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵ، لەپێناو تەواوکردنی دامەزراوەی یاسادانان و هاوسەنگی نێوان هەرێم و پارێزگاکان.

٨) ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:

أ) مادەی (١٤٠)ی دەستور بنەما و نەخشەڕێگای چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەبێت و وەک خۆی جێبەجێبکرێت.

ب) دیدو تێڕوانینە سیاسی و ستراتیژییەکانی سەرۆک مام جەلال دەبنە بەرنامەی کاری چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم.

ت) هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یاسا و بڕیارەکانی(مجلس قيادة الثورة) و (لجنة شؤون الشمال) دەرهەق بە کەرکوک، شەنگال، دەشتی نەینەوا، مەخمور، خورماتو، خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم.

ث) سڕینەوە و نەهێشتنی تەواوی لێکەوتەکانی

ریـفـرانـدۆم، ئـاسـایـیـکـردنـەوەی دۆخـی نـاوچـە کوردستانییەکانی دەرەوەی هـەرێـم، بـە هاوبەشی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان بەپێی دەستور و سازانی نیشتمانی.

بایەخدان بە کەلتوری فرەیی و پاراستنی رەسەنایەتی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

ج) هاندانی لاوان بۆ بەشداریکردن لە دامودەزگا سەربازی و مەدەنییەکانی حکومەتی هەرێم و فیدراڵ.

ح) گرتنەبەری تـەواوی رێکارە مەدەنییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستور و خواستەکانی خەڵکی رەسەنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

## بەشی چوارەم
## ئامانجە ئابوورییەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کـوردسـتـان کـاردەکـات بۆ گەشەپێدانی سیستمی ئابوری، بازاڕی ئازاد دوور لە قۆرغکاری، پشتیوانیکردن لە پلان و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری و هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان بە شێوازێکی

سەردەمیانە لەپێناوی گەشەو پەرەپێدانی ئابوریی کوردستان و عێراق.

یەکەم : کەرتی کشتوکاڵ

کەرتی کشتوکاڵ ژێرخان و سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری و بژێوی ژیانی دانیشتوانە، پەرەپێدان و دارشتنی سیاسەتێکی تۆکمەی پێویستە، بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک لە رێی چارەسەرکردنی کێشە یاساییەکانی کەرتی کشتوکاڵ، کێشەی خاوەندارێتی زەوی، پاراستنی مافی جوتیاران، دارشتنی پلانی ستراتیژی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١) پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، دارشتنی ستراتیژێکی هاوچەرخ، دروستکردنی بەنداو، سوود وەرگرتن لە رووبار و دەریاچەکان.

٢) هاندانی کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان، بەرفراوانکردنی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، ئاراستەکردنی جوتیاران، پشتگیریکردنی وەبەرهێنەران لە بەرهەمهێنانی بەروبومی جۆراوجۆر و پێداویستییەکانیان.

٣) گرنگیدان بە بانکی کشتوکاڵی و دەرکردنی

ڕێنمایی پێویست بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ سەرخستنی پڕۆژەکان.

٤) گەشەپێدانی سامانی(ئاژەڵداری، پەلەوەری، هەنگەلان و ماسی)، فراوانکردن و پێشخستنی ناوەندەکانی ڤێتێرنەری.

٥) دابینکردن و بەکارهێنانی تازەترین شێوازەکانی ئامێری تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی، بەرەو گەشەپێدانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمهێنانی تۆو، گوڵ و نەمام.

٦) پاراستنی لەوەڕگا و دارستانە سروشتییەکان و قەدەغەکردنی ڕاوی نایاسایی.

٧) بوژاندنەوە و گەشەپێدانی گوندەکان وەک ناوەندێکی هاندان بۆ پێشخستن و پشتیوانیکردنی بەروبومە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان.

٨) چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری جوتیاران.

٩) گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا کشتوکاڵییەکان.

١٠) بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ و گرنگیدان بە پیشەسازی خۆراک.

دووەم : کەرتی پیشەسازی و وزە و کانزاکان

بە ئامانجی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و کانزاکان بە جۆرێک بتوانێت سەرجەم پێداویستییە ناوخۆییەکان دابین و هەناردە بکات:

١) دارِشتنی ستراتیژی پیشەسازی بەهاوکاری کەرتی تایبەت، بۆ نوێکردنەوەی کارگەکان، دامەزراندنی کارگەی نویێ، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشت بە کەرەستەی خاوی ناوخۆیی دەبەستن و خستنەگەڕی دەستی کاری ناوخۆ.

٢) گەشەپێدانی سیستمی بانکی پیشەسازی و هاوکاریکردنی سەرمایەگوزاری لەو بوارە.

٣) دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی کارەبا و سووتەمەنی هەمەجۆر بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان.

٤) گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوخۆ لە رێگای یاسا و سیاسەتە ئابورییەکانەوە.

٥) هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی هاندەر و گونجاو بۆ کارگە و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بە رەچاوکردنی پاراستنی رێنماییە ژینگەییەکان.

٦) هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکانی دەرهێنان و بە بازاڕکردن و دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان.

٧) دابینکردنی وزەی کارەبا، سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزە وەک: خۆر، با، هایدرۆلیک و بەنداو.

٨) دروستکردنی کارگەی پیترۆ کیمیایی و دامەزراندنی پاڵاوگەی پێویست بە ستانداردی جیهانی.

سێیەم: کەرتی دارایی

١) هەوڵدان بۆ فرە سەرچاوەکردنی داهاتەکانی هەرێم لە رێی هەمەجۆرکردنی چالاکییە بەرهەمدارەکان و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی تری داهات.

٢) هەوڵدان بۆ هەموارکردنەوەی یاساکانی باج و رسومات، بە جۆرێک کە رۆڵی لە پێشخستنی ئابوری و دابینکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی هەبێت.

٣) دامەزراندن و پەرەپێدانی سیستمی بانکی بە شێوازێکی سەردەمیانە کە توانای دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییە بانکییەکان و دەستەبەرکردنی متمانەی

بانکە جیهانییەکانی هەبێت.

چوارەم : کەرتی کارگێڕی

١) کارکردن بەسیستمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی لەپێناو رەخساندنی دەرفەت بۆ هەمووان و بەشدارییپێکردنی دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان لە دارشتنی پلان و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

٢) جێبەجێکردنی پرنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.

٣) دارشتنی سیاسەتێکی کارگێڕی روون و رەچاوکردنی پێوەرەکانی لێپرسینەوە و شەفافیەت.

٤) گەشەپێدانی کارگێڕی و راهێنان و مەشقپێکردنی کارمەندان.

٥) کارکردن بە سیستمی حکومەتی ئەلیکترۆنی.

٦) کارکردن بە سیستمی هاوبەشێتی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

پێنجەم : کەرتی تایبەت

١) رەخساندنی ژینگەیەکی لەباری وەبەرهێنان

بە هەمواركردنەوەی یاسا بەركارەكانی وەك كار، تۆماركردنی موڵكایەتی، پێدانی قەرز، بەكرێدان و پێدانی مۆڵەت و... هتد.

٢) دەستەبەركردنی دەرفەتی یەكسان بۆ كێبڕكێی نێوان كەرتی گشتی، تێكەڵ و تایبەت، لە هەموو ئاستە كارگێڕییەكان.

٣) گرنگیدان بە ڕۆڵی كەرتی تایبەت لە دارشتنی پلان و سیاسەتە ئابوورییەكاندا.

### شەشەم : پڕۆژەی بچوك و مامناوەند

دارشتنی ستراتیژ و پلانی گونجاو بۆ پڕۆژەی بچوك و مامناوەند، وەك سەرچاوەیەكی دیاری ڕەخساندنی هەلی كار و بەگەڕخستنی سەرمایەی بچوك و پتركردنی بەرهەمهێنان.

### حەوتەم : گەشتوگوزار

دارشتنی پلانێكی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی كەرتی گەشتوگوزار لە كوردستان.

هەشتەم : بەگژاچوونەوەی گەندەڵی

١) ڕێکخستنی هەڵمەتی نیشتمانی هەمەلایەنە و هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی لەبار بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا.

٢) پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە سەرجەم بوارەکانی کەرتی گشتی، تێکەڵ و تایبەت.

٣) دەستەبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە سەرجەم بوارەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٤) پشتگیریکردنی دەسەلاتی دادوەری و دەزگا چاودێرییەکان و هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵی.

## بەشی پێنجەم
## ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

یەکەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

١) ڕەخساندنی دەرفەت و زەمینەی یاسایی و ئابوری بۆ نەهێشتنی بێکاری.

٢) دەرچوواندنی یاسا بۆ دابینکردنی بیمەی بێکاری و کۆمەڵایەتیی هاوسەنگ بۆ تاک و خێزان.

٣) هەمووارکردنەوە و پێداچوونەوە بە یاسا و

سیستمەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

٤) پاراستن و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ، ژنان و منداڵان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

٥) هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی بە ڕەچاوکردنی کەمکردنەوەی جیاوازی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.

٦) چارەسەرکردنی ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کەسوکاری قوربانییانی جینۆساید (فەیلییەکان، بارزانییەکان، کیمیابارانکراوان، ئەنفالکراوان و ئێزیدییەکان) و شەڕی تیرۆرستانی داعش بەپێی یاسا.

٧) کارکردن بۆ پاراستنی کۆمەڵ لە ماددە هۆشبەرەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و کردنەوەی سەنتەری چارەسەرکردنی ئالودەبوان.

٨) کردنەوەی سەنتەری زانستی بۆ چارەسەر و ڕاهێنانەوەی قوربانییانی دەستی تیرۆرستانی شەڕی داعش.

دووەم: گەشەپێدانی مرۆیی

١) گرتنەبەری ستراتیژی گەشەپێدانی توانا و

سەرچاوە مرۆییەکان.

٢) پەرەپێدانی سیستمی خوێندنی هاوچەرخ، راهێنان و مەشق پێکردن و دابینکردنی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی کە لەگەڵ بەرنامەکانی تری گەشەکردنی هەرێمدا گونجاو بێت.

٣) هەماهەنگی هەمەلایەنە لە نێوان سیاسەتی دانیشتوان و سیاسەتەکانی بەگەڕخستن و هێزی کار و سیاسەتەکانی خوێندن و ستراتیژی گەشەپێدان.

سێیەم: کەسوکاری شەهیدان و فەیلییەکان و قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی ئێزدییەکان

١) کارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شۆڕش، قوربانییانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدی ئێزدییەکان و شەهیدانی دەستی تیرۆر و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەو کارەساتانە.

٢) گرنگیدان بە منداڵانی شەهیدان و کارئاسانیکردن بۆ تەواوکردنی خوێندن لەناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

٣) زیندوو راگرتنی ناو و یادەوەرییان بە شێوازی جۆراوجۆر.

٤) بەردەوامبوون لە هەڵمەتی گەڕان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان و هێنانەوەی روفاتەکانیان.

٥) کارکردن بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران و ئێزیدییەکان.

٦) کارکردن بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدکردنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان.

٧) جێبەجێکردنی مادەی(١٣٢)ی دەستوری عێراق لە هەرێمی کوردستان.

٨) کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و قوربانییانی ئەنفال و جینۆسایدی ئێزدییەکان.

٩) هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو گەڕاندنەوەی روفاتی پیرۆزی ئێزیدییەکان و قوربانییانی دەستی تێرۆریستانی داعش و بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی چارەنوسی بێسەر و شوێنەکان.

چوارەم : زیندانییە سیاسییەکان

١) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەموارکراو لە پەرلەمانی عێراق، تایبەت بە زامنکردنی

مافی زیندانییانی سیاسی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زیندانییانی سیاسی عێراق.

٢) چارەسەرکردنی زیندانی سیاسی نەخۆش لەناوەوە و دەرەوەی وڵات لەسەر ئەرکی حکومەت.

٣) تەرخانکردنی زەوی و دابینکردنی مووچەی شایستە بۆ ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

پێنجەم: کەمئەندامانی سەنگەر و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

١) جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی تایبەت بە خانەنشینکردنی(کەمئەندامانی سەنگەر)، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراوە.

٢) دابینکردنی زەمالەی خوێندن بۆ کەمئەندامانی سەنگەر و کوڕ و کچیان، دابینکردنی خەرجی بۆ خوێندن بۆیان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات بەپێی مەرجەکانی خوێندن.

٣) دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە

ڕێگەی پێدانی زەوی یان دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی تایبەت بە کەمئەندامانی سەنگەر کە پێداویستی کەمئەندامانی تێدا ڕەچاو بکرێت.

٤) هاوکاریکردنی تەواوی کەمئەندامانی سەنگەر بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.

٥) کردنەوەی چەند سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و پیشەیی لە شار و شارۆچکەکان بۆ کەمئەندامانی سەنگەر.

٦) دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی کەمئەندامانی سەنگەر.

٧) دیاریکردن و دابینکردنی منحەیەکی گونجاو بۆ بەخێوکەری کەمئەندامان بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

### شەشەم: تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەکان

١) جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە راژە و خزمەتی پێشمەرگە دێرینەکان.

٢) دابینکردنی زەوی یان یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

٣) دابینکردنی ئیمتیازاتی ژنانی شاخ بەپێی ساڵانی خەبات.

حەوتەم: ژنان

١) خەباتکردن بۆ یەکسانی و چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە چوارچێوەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت جاڕنامەی جیهانی مافەکانی ژنان (پەیماننامەی سیداو).

٢) کارکردن بۆ رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ دابینکردنی ئابورییەکی سەربەخۆ بۆ ژنان لە رێگەی پرۆژەی هەمەجۆرەوە.

٣) بەگژاچوونەوە و رێگریکردن، لە هەرجۆرە تێڕوانین و بیرو باوەڕێک کە بانگەشە بۆ جیاکاریی رەگەزی بکات.

٤) بڵاوکردنەوەی کەلتوری یەکسانی لە کۆمەڵدا و رێکخستن و پاراستنی مافەکانی ژنان و رەنگدانەوەی لەناو یاساکاندا.

هەشتەم: کوردستانیی‌انی هەندەران

بەهۆی ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی و باری ئابوری ناوخۆی وڵاتەوە، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان روویان

لە هەندەران کردووە، بۆیە(ی.ن.ک) هەوڵ دەدات بۆ:

١) سوودوەرگرتن لە توانا و شارەزاییان.

٢) بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لەناو ئەو نەوەیەی لە هەندەران لەدایک بوون و ژیاون.

٣) گرنگیدان بە رۆڵ و پێگەیان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی مەدەنییانە و دیبلۆماسییانە رۆڵی خۆیان بگێڕن وەک گرووپی فشار لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری جیهانی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی جیهان بۆ ناساندن و پشتیوانیکردن لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

٤) هەماهەنگیکردن لەگەڵ عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات.

نۆیەم: لاوان

لاوان سەرمایەی هەرە گەورە و بە نرخی کۆمەڵ و داهاتووی وڵاتن، لەو روانگەیەوە لەپێناو ئایندەیەکی گەش و شایستەدا(ی.ن.ک) خەبات دەکات بۆ :

١) پێگەیاندنیان و دۆزینـەوەی هەلی کار بۆیان، خستنەگەڕی تواناکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

٢) ڕەخساندنی هەلومەرجی فراوان بۆ پەرەپێدانی ئازادانەی توانا و بەهرەکانی لاوان و گەشەپێدانیان لە ڕێی دابینکردنی دەرفەتەکانی بەشداربوون لە سەرجەم کایەکاندا.

٣) دابینکردنی زەمینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوڕ و کچ لە پێکهێنانی خێزان و نیشتەجێبووندا.

٤) دروستکردنی کەشی ئازاد بۆ لاوان بۆ بەشداربوونیان بە شێوەیەکی چالاک لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئابوریدا.

٥) گەشەپێدان و زیادکردنی سەنتەرەکانی ڕاهێنان و پێگەیاندنی لاوان و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی نێوان لاوانی کوردستان و بەستنەوەیان بە لاوانی عێراق و ناوچەکە و جیهانەوە.

٦) پراکتیککردنی میکانیزمی مۆدێرن لە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی لاواندا، تا بتوانن بە ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆیان بکەن.

٧) پەروەردەکردنی لاوان بە گیانێکی سەردەمیانە بۆ زیاتر خۆشەویستی خاک و بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانییان.

دەیەم: وەرزش

(ی.ن.ک) هەوڵ دەدات بۆ:

١) هۆشیارکردنەوەی لاوان بۆ بەردەوامبوون لە چالاکی وەرزشیدا.

٢) دامەزراندنی یانەی وەرزشی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی وەرزش لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا.

٣) بنیاتنانی ژێرخانی وەرزشی لە شارەکاندا وەک یاریگا، مەلەوانگە و هۆڵی داخراو.

٤) دامەزراندنی بنکەی تەندروستی وەرزشی بۆ چارەسەرکردنی سروشتی و نەشتەرگەری وەرزشی لە شارە گەورەکاندا.

٥) دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری وەرزشی.

٦) دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی وەرزشی بۆ گرنگیدان بە رۆڵی وەرزش لە کوردستاندا.

٧) دابینکردنی توانای دارایی بۆ هێنانی راهێنەری پسپۆڕ بۆ راهێنانی تیپەکان و دادوەرە وەرزشییەکان بە نوێترین بنەماکانی پەروەردە و یاسای وەرزشی.

٨) گرنگیدان بە تیپە میللییەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان.

یازدەیەم: پەروەردە و خوێندنی باڵا

١) هەوڵدان بۆ : گەشەپێدان و نوێکردنەوەی بەردەوامی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، گەشەپێدانی بەردەوامی فەلسەفە و سیستمی پەروەردە و فێرکردن بۆ تەواوی خوێندنگەکان.

٢) زیادکردنی خوێندنگەکان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

٣) بایەخدانی زیاتر بە بەشە ناوخۆییەکان و هۆیەکانی هاتووچۆ بۆ خوێندکاران.

٤) گەشەپێدانی پەیمانگا و زانکۆکان، پاراستنی سەربەخۆییان لە رووی ئەکادیمی، دارایی، کارگێڕییەوە و بایەخدان بە توێژینەوە زانستییەکان.

٥) بایەخدان بە خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لە رووی چۆنایەتییەوە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی بازاڕی کار گونجاو بێت.

٦) گرنگیدان بە وزە و توانای ئەکادیمیستەکان، هاندانی کۆچی پێچەوانەی پسپۆڕان و خاوەن بڕوانامە باڵاکان لە دەرەوە بۆ ناوەوە.

٧) دابینکردنی کورسی و زەماڵەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات و کارئاسانیکردن بۆ خوێندکاران.

٨) کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بە فێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن و دەژین.

دوازدەیەم: تەندروستی

١) هەوڵدان بۆ دانان و جێبەجێکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی.

٢) گرنگیدان بە هۆشیاری تەندروستی و بەرنامەی خۆپاراستنی تەندروستی بە سیستمێکی تەندروستی مۆدێرن.

٣) رێکخستنەوەی سیستمی تەندروستی، بەشێوەیەکی سەردەمیانەی گونجاو لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکان و داهاتی تاک.

٤) چاودێریکردن و پاراستنی تەندروستی ژنانی دووگیان و کۆرپەکانیان.

٥) پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان و کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان.

٦) بەهێزکردنی دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵ لەسەر دەرمان و خۆراک و کەرەستە و پێداویستییە پزیشکییەکان.

٧) گرنگیدان بە کردنەوەی خولی راهێنان و پەرەپێدان بە توانا تەندروستییەکان لەناوەوە و دەرەوە، هەوڵدان بۆ هێنان و پێگەیاندنی پزیشکی پسپۆڕ و شارەزا لە سەرجەم بوارە تەندروستییەکاندا بۆ نەخۆشخانەکان.

٨) کردنەوەی کۆمەڵگەی پزیشکی لە شار و شارۆچکەکان.

٩) هەوڵدان بۆ رێکخستنەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان و کلینیکە پزیشکییەکان، بە جۆرێک کە لەگەڵ داهاتی تاکدا بگونجێت.

١٠) بایەخدان و فراوانکردنی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە منداڵان بە جۆرێک کە بتوانێت خزمەتی بەرچاو بە تەندروستی منداڵان بکات، هەروەها کردنەوەی

سەنتەری چارەسەری سروشتی و دەروونی و راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.

١١) رێکخستنەوەی کار و پاراستنی مافی کارمەندانی تەندروستی، پزیشک، پەرستار، دەرمانساز، تاقیگەکاران، کارمەندانی کارگێڕی و هەموو ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا کاردەکەن.

سیازدەیەم: ژینگە

دانانی پلانی گونجاو بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم، پابەندبوون بە پەیماننامە، پرۆتۆکۆلە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگە، دانانی دیسپلین بۆ دابینکردنی سەلامەتی و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە. هەروەها کارکردن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری چەکە کۆمەڵکوژ و کیمیاییە بەکارهاتووەکان، پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین لە کوردستان، پاشماوەی ئەو چەک و تەقەمەنییانەی کە ژینگەی هەرێمیان پیس کردووە. رەچاوکردنی پاراستنی ژینگە لە شوێنە پیشەسازییەکان، دروستکردنی کارگەی ریسایکلین بۆ دووبارە سوودوەرگرتنەوە لە خۆڵ و خاشاک و پاشەڕۆکان.

چواردەیەم : نیشتەجێبوون

١) چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بە تایبەت بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت و پێداچوونەوە و هەموارکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لە بواری نیشتەجێبووندا کاریان پێ دەکرێت، سەرباری رێکخستنەوەیان بە شێوازێک کە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت.

٢) هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و دروستکردنی شوقە و خانوی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیان، بە شێوەیەک بکرێتە چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون بە رەچاوکردنی داهاتی هاوڵاتیان.

٣) چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونی پێشمەرگە، کەمئەندامانی سەنگەر، زیندانییە سیاسییەکان، کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانییانی شەڕی داعش و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

پازدەیەم : بواری کلتوری

١) گەشەپێدانی بزووتنەوەی کلتوری، دامەزراندنی ناوەندی زانستی تایبەت بە شێوەزارەکانی زمانی کوردی،

لەپێناو بەستاندارکردنی زمان و گەشەپێدانی ئەکادیمیای کوردی.

٢) دابینکردنی زەمینەی لەبار بۆ گەشەپێدانی بوارە جیاجیاکانی میدیا، هونەرە جوانەکان، سینەما، ئەدەب و رێنووسی کوردی.

٣) کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی فۆلکلۆر، کەلەپوری کوردی و بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە نووسراو و زارەکییەکانی گەلەکەمان.

٤) گرنگیدان و رێزگرتن لە کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی سەرجەم ئەو پێکهاتە(تورکمان، عەرەب، ئەرمەن، کلدوئاشور) و ئایین و ئاینزایانەی (مەسیحی، ئێزدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی) کە لە کوردستان دەژین.

٥) کوردستان لانکەی شارستانییە، هەروەک لە بەڵگە شوێنەوارییەکاندا سەلمێنراوە، پێویستە بایەخ بە شوێنەوارە دێرینەکان و خانوەکۆن و مێژووییەکان لەناو شار و شارۆچکەکان بدرێت و گرنگیدان بە فراوانکردن و گەشەپێدانی مۆزەخانە و مۆنۆمێنتەکان بدرێت بە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکەشەوە لە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان.